
سەرۆک بارزانی لەگەڵ فڕاکسیۆنەکانی پارتی و پێکهاتەکانی کلدان سریان ئاشوور لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کۆبۆوە

خەبات XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5920) سێ شەممە 28ی کانونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



دوێنێ دووشەممە 27ی1ی2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ فڕاکسیۆنەکانی پارتی و پێکهاتەکانی کلدان سریان ئاشوور لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆشنایی خرایە سەر کاروباری ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی ئەنجوومەنەکان لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵک و دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئامادەبوونی کۆبوونەوەکە سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ باشترکردنی کاری ئەنجوومەنەکان و خزمەتی زیاتری خەڵک بە سەرۆک بارزانی گەیاند.

لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی لە وتەیەکدا سوپاسی ئەرک و ماندووبوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و فڕاکسیۆنەکانی پارتی و پێکهاتەکانی کرد و پێزانینی هەبوو بۆ هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوانیان.

پەیوەست بە چۆنیەتی کارکردن و هێڵە گشتییەکانی ئەرک و کاری ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێم سەرۆک بارزانی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی پێویستی بۆ ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە خستەڕوو.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەڵمانی کرد

نێچیرڤان بارزانی: مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق پێویستە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەڵمانیا دووپات کردەوە کە بڕیاری داوە لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە بە مەشق و ڕاهێنان بەردەوام بێت، هەروەها مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق بە پێویست زانی.

نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/1/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێزان یۆرگن هارت و مارکۆس گرۆبل، ئەندامانی پەرلەمانی ئەڵمانیا لە پارتی دیموکراتی مەسیحی "CDU" کرد.

لە دیدارێکدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، پەرلەمانتارانی ئەڵمانی سوپاسی حکوومەت و گەلی کوردستانیان کرد بۆ حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی مەسیحییەکان، دووپاتیشیان کردەوە کە هەوڵ دەدەن وەک پێشتر ئەڵمانیا لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.

تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، دۆخی عێراق و سووریا و ناوچەکە بەگشتی، مەترسیی تیرۆر و پێویستیی عێراق بە مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆر، چەند تەورێکی دیکەی دیدارەکە بوون.



سەرۆکی حکوومەت سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکات

مەسرور بارزانی: گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرووبووم و بەرهەمی ناوخۆیی ئامانجێکی لە پێشینەمانە

دوێنێ دووشەممە 2020/1/27 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستانی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک وەزیر و پارێزگارانی هەرێمی کوردستان ئامادە ببوون، بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و میکانیزمی پێویست بۆ گەشەپێدانی ئابووری تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەت پێداگریی لەسەر گرنگیی دارشتنی سیاسەت و نەخشەڕێگەیەکی زانستی بۆ گەشەپێدانی ئابووری لە ڕێگەی زیادکردنی داهات بە ئاراستەی ڕێکخستنەوەی داهاتەکان و ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان کردەوە.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە کارنامەی کابینەی نێهەم کرد، کە ئامانجێکی لە پێشینەی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و هاندان و پێشکەشکردنی ئاسانکارییە پێویستە بۆ وەبەرهێنەرە ناوخۆیی و بیانییەکان و ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنان لە گشت کەرتەکاندا و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرووبووم و بەرهەمی ناوخۆیی.

ئەمڕۆ شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەچێتە بەغدا

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 28ی1ی2020 شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گفتگۆکردن لەبارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و کێشەی زەویوزاری جووتیاران، سەردانی بەغدا بکات.

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند، بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە شاندێک لە هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق بکات.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە خالید شوانی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، سەرۆکایەتی شاندەکە دەکات وسەردانەکە لەبارەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان و کێشەی زەوی وزاری جووتیارانی کورد دەبێت.

فارس عیسا ئاشکرای کرد کە شاندەکەی هەرێمی کوردستان سەردانی وەزارەتی داد و وەزارەتی کشتوکاڵ و چەند دامەزراوەیەکی فەرمیی دیکەی عێراق دەکەن.



مەحمود محەمەد: پارتی بۆ خوگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان کۆنگرە دەکات

لێژنەیەکی 7 کەسی کارەکانی کۆنگرەی 14ـی پارتی دەکەن کە بڕیارە ئەمساڵ ئەنجامبدرێت، تەواوی کارەکانی کۆنگرە ئەو لێژنەیە پێی هەڵدەستێت، لێژنەکە پێکهاتووە لە چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سێ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، کە لە ماوەی داهاتوو تەواوی کارەکانی کۆنفرانس و ئەرکەکانی جێبەجێ دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان نییەو تۆمار نەکراوە

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕای گشتی و دامودەزگاکانی میدیا ڕایدەگەیەنێت کەوا هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ "2019-nCoV" لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و تۆمار نەکراوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

16 وڵات ڕاگەیەندراوێکیان لە دژی حکوومەتی عێراق بڵاو کردەوە

داوای لێکۆڵینەوە لە کوژرانی زیاتر لە 500 خۆپیشاندەری عێراقی دەکەن

باڵوێزانی زۆربەی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ هەردوو وڵاتی کەنەدا و ئەمەریکا لە بەغداوە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان لە دژی ئەو ڕێوشوێنانە بڵاو کردەوە، کە حکوومەتی عێراق لە بەرانبەر خۆپیشاندەرانی وڵاتەکە دەیگرێتەبەر.

دوێنێ دووشەممە باڵوێزانی هەریەک لە وڵاتانی کرواتیا، چیک، فینلاند، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هەنگاریا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، نەرویژ، پۆڵاند، ڕۆمانیا، ئیسپانیا، سوید، بەریتانیا، کەنەدا و ئەمەریکا لە بەغدا، ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

هۆکارەکانی گرانبوونی نرخی غاز

لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی «خەبات» دا



چەند ڕۆژێکە لە سنووری شاری هەولێر و دەوروبەریدا نرخی غاز لە بازاڕەکاندا گران بووەو نرخی غازی حکومی 7 هەزارو 500 دینارەو لەبازاڕی ئازاد نرخەکەی گەیشتۆتە (10-12) هەزار دینار، هاووڵاتیانیش گلەیی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە بەدواداچوون بۆ ئەو گرانبوونە بکەن و بەگوتەی هاووڵاتیان ئێستا ئوتومبێلەکانی بریکاری غازی حکومی وەکو جاران بەنێو کۆڵانەکاندا ناگەڕێن و ئەوانەی کە دەگەڕێن تەنیا ئوتومبێلی غازی ئەهلی لەنێو کۆڵانەکان دەبیندرێن و غاز بە 12هەزار دینار دەفرۆشن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ماڵپەڕێکی بەریتانی:

ئەمەریکا هەوڵی جیاکردنەوەی ناوچە سوننییەکان لە عێراق دەدات

دوێنێ دووشەممە میدیایەکی بەریتانی هەوڵێکی ئەمەریکای ئاشکرا کرد بۆ جیاکردنەوەی ناوچە سوننییەکان لە عێراق، ئەمەش بۆ پاراستنیان لە هەژموونی ئێران. بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە زانیاری لە بەرپرسانی ئەمەریکی و عێراقی وەرگرتووە، ئەمەریکا هەستی بە لاوازبوونی هەژموونی خۆی لە عێراق کردووە، بۆیە چەند هەفتەیەکە دەستی بە بڕەودان بە بابەتی دامەزراندنی هەرێمی سوننەکان کردووە لە ڕۆژئاوای عێراق. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عێراق.. کاردانەوەکان سەبارەت بە هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا

عەسائیبی ئەهلی حەق سەربە حەشدی شەعبی لە عێراق ڕەتیکردەوە کە هێرشی بۆسەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ناوەڕاستی بەغدا ئەنجام دابێت و ڕایدەگەیەنێت کە لە دوور و نزیکەوە هیچ پەیوەندییان بە هێرشەکەوە نییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

چین... ژمارەی قوربانیانی نەخۆشی کۆرۆنا بۆ 3080 کەس بەرزبۆوە

سەرچاوەکانی هەواڵ لە وڵاتی چینەوە ئاماژە بۆ شپرزەیی و ترسێکی زۆر لەناو هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەکەن بەهۆی بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بەهۆیەوە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی تووشبووان لەزیادبوون دایە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

بروسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی کوێخا بەهجەت گوڵم کەوەیی

دوێنێ دووشەممە 27ی1ی2020 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی کوێخا بەهجەت گوڵم کەوەیی، بروسکەیەکی سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو کرد. ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کوێخا بەهجەت گوڵم کەوەیی، کەسایەتی دیار و ناوداری کەرکووک و شوان و چەمچەماڵ و، باوکی چوار شەهیدی قارەمانم پێ گەییشت. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو کوێخا بەهجەت دەکەم خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
27ی1ی2020

مەحمود محەمەد: پارتی بۆ خوگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان کۆنگرە دەکات

K24/پارتی لێژنەیەکی حەوت کەسی بۆ ئامادەکارییەکانی کۆنگرە پێکدەهێنییێت و گوتەبێژی پارتیش دەڵێت، ئەنجامدانی کۆنگرە خۆگونجاندنە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان. لیژنەیەکی 7 کەسی کارەکانی کۆنگرەی 14ی پارتی دەکەن کە بڕیارە ئەمساڵ ئەنجامبدرێت، تەواوی کار

www.xebat.net
سێ شەممە 2020/1/28 ژمارە (5920)
خەبات

نێچیرڤان بارزانی: عێراق و سووریا شایەنی ژیانێکی باشترن





نێوارەی دوێنێ دووشەمە /27 1/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە ڕێوڕەسمی خەلاتکردنی براوەکانی فیستیڤالی کورتەفیلمی بەرەو پێشەوە کرد کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNPبە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆیەکان، کۆمەکی سەندووقی متمانەی هەرێمی، سەر بە یەکێتیی ئەورووپا بۆ بەدەمەوەهاتنی قەیرانەکانی سووریا، سەندووقی متمانەی مەدەدی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا ساز کرابوو.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، لە وتەیەکدا گوتی: بەختیارەتنی نوێنەرانی یەکێتیی ئەورووپا و UNDP دەکەم کە هەردووکیان تەشریفیان لێرەیە. سوپاس و دەستخۆشییان لێدەکەم بۆ سازدانی ئەو ڕێوڕەسمە. ئەوەی کە بینیمان لەو فیلمانە بە شێوەیەکی گشتی، بەشێکی، زۆر بەداخەوە نەهامەتی و ناخۆشیی خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها گەلی سووریا دەردەخات، بەشێکی دیکەشی زیاتر دەرخستەی ئەو هیوا و ئاواتانەیە کە ئەو گەنجانە هەوڵیان داوە بە پیشاندانی ئەو کورتە فیلمانە پیشانی دونیای بدەن.

ئەوەی لە هەر هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە زیاتر گەلی عێراق، گەلی سووریا چاویان لە ئایندەیە. ڕابردوویەکی ناخۆش بووە، نەهامەتییەکان ناخۆش بوون، بەڵام ئەوەی کە دەردەکەوێ گەنجانی ئێمە هەموویان ڕوویان لە ئایندەیە. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە عێراقیش دەگوزەرێ، لە بەغدا، لە شارەکانی دیکە، هەمووی ئەم نەوە گەنجە بە هیواوە سەیری ئایندە دەکەن. بە ڕاستیش خەڵکی عێراق و خەڵکی سووریا شایستەی ئەوەن کە ژیانێکی باشتریان هەبێ، دۆخێکی باشتریان هەبێ و هەموو پێکەوە بە خۆشی و شادی و پێشکەوتنی وڵاتەکەمان و وڵاتانی دراوسێ.

بەو هیوایەی ببینین لە ئایندەدا ئەم وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشی و خۆشی و بەرەو خێر بڕوات بۆ خۆی و بۆ میللەتەکەی و بۆ دراوسێکانی. بە هیوای ئەو ڕۆژە و پیرۆزبایی لە هەر هەموتان دەکەم، بەخێر بێن. زۆر سوپاس.

مالپەڕێکی بەریتانی: ئەمەریکا هەوڵی جیاکردنەوەی ناوچە سوننییەکان لە عێراق دەدات

ئەمەریکا پێیوایە دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی لە ڕۆژئاوای عێراق دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە ئێران



دوێنێ دووشەمە میدیایەکی بەریتانی هەوڵێکی ئەمەریکای ئاشکرا کرد بۆ جیاکردنەوەی ناوچە سوننییەکان لە عێراق، ئەمەش بۆ پاراستنیان لە هەژمونی ئێران. مالپەڕی "میدڵ ئیست ئەی"ی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمەریکا لە ڕێگەی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقەوە دەستی بە هەوڵەکانی کردووە بۆ زیندووکردنەوەی پرۆژەی هەرێمی سوننی لە عێراق، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا شیعەکانی عێراق لە پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا بە بێ سوننە و کورد، دەنگیان بە پرۆژەپڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دا. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە کە زانیاری لە بەرپرسانی ئەمەریکی و عێراقی وەرگرتووە، ئەمەریکا هەستی بە لاوازبوونی هەژمونی خۆی لە عێراق کردووە، بۆیە چەند هەفتەیەکە دەستی بە بەرەودان بە بابەتی دامەزراندنی هەرێمی سوننەکان کردووە لە ڕۆژئاوای عێراق.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش دووپات کراوەتەوە کە هۆکاری سەرەکیی ئەمەریکا بۆ دامەزراندنی ئەم هەرێمە، پرۆژە بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکایە کە لەلایەن شیعەکانی عێراقەوە دەنگی لەسەر درا، کورد و سوننە دژی وەستانەوە.

ئەمەریکا پێیوایە دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی لە ڕۆژئاوای عێراق، دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە ئێران، چونکە لە ڕێگەی ئەم هەرێمەوە پردی وشکانیی نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی وەک سووریا و لوبنان و فەڵەستین دەبڕێتەوە. ئەگەر ئەم هەرێمە بەم شێوەیە دامەزرێ کە ئەمەریکا دەیەوێ، ئیتر ئێران ڕێگەی وشکانی بۆ سووریا و دواتریش بۆ کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لەدەست دەدات.

عێراق.. کاردانەوەکان سەبارەت بە هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا

ژمارەیەک هێلیکۆپتەری جەنگیی ئەمەریکا لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا نیشتنەوە

عادل عەبدولمەهدی: ئەو ڕەفتارە نا بەرپرسانە عێراق دەکەنە گۆڕەپانی جەنگ



عەسائیبی ئەهلی حەق سەربە حەشدی شەعبی لە عێراق ڕەتیکردەوە کە هێرشی بۆسەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ناوەڕاستی بەغدا ئەنجام دابێت و ڕایدەگەیەنێت کە لە دوور و نزیکەوە هیچ پەیوەندییان بە هێرشەکەوە نییە. عەسائیبی ئەهلی حەق جەخت لەوە دەکاتەوە کە ماوەی چەند سالێکە وازیان لە بەکارهێنانی مووشەکی کاتیۆشا هێناوە.

لەوبارەوە گوتەبێژی عەسائیبی ئەهلی حەق، جەواد تلێباوی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی گوتووە "جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە ئەو هێرشە مووشەکییەی کە کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ناوەڕاستی بەغدا، کاری ئێمە نییە. جەواد تلێباوی ئەوەیشی گوتووە "لە ماوەکانی ڕابردوودا ئەوەمان دووپاتکردووەتەوە کە بەهیچ شێوەیەک گرووپەکانی بەرگریی، باڵیۆزخانەی وڵاتان و نێردە دیپلۆماتییەکان لە وڵات ناکەنە ئامانج و ئەو مووشەکانەیش کە لە هێرشەکەدا بەکارهێنراون ماوەی چەند سالێکە لە لایەن گرووپەکانی بەرگرییەوە بەکارناهێنرێن".

هەروەها عادل عەبدولمەهدی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیاننامەیەکی ڕاگەیاند و تێیدا نیگەرانی خۆی لەبارەی ئەو هێرشە ڕاگەیاند. لە بەیاننامەکەدا هاتووە، "جارێکی دیکە دەستدرێژی کرایە سەر دیپلۆماسیەتی بیانی و بە ژمارەیەک مووشەکی کاتیۆشا هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا". هەروەها گوتی: ئێمە بەردەوامی ئەو جۆرە کردەوانەی بەدەر لە یاسا ئیدانە دەکەین، کە دەبنە هۆی لاوازکردنی دەوڵەت و زیانگەیاندن بە سەروەریەکەی و حورمەتی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان لەسەر خاکەکەی.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە فەرمانمان بە هێزەکانمان کردووە، بۆ ئەوەی بڵاوببنەوە و هەوڵەکانیان بۆ پشکنین و ڕێگریکردن لەو دەستدرێژیانە چڕ بکەنەوە و هەوڵ بۆ دەستگیرکردنی هێرشبەران بدەن، بۆ ئەوەی سزاکانیان لە دادگا وەرگرن. عەبدولمەهدی دووپاتیشی دەکاتەوە، "بەردەوامی ئەو جۆرە ڕەفتارە تاکلایەن و نا بەرپرسانە، کە دەرەنجامی خراپ و نەڕێنییان بۆ عێراق دەبێت و زیان بە بەرژەوەندی بااڵی وڵات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دۆست دەگەیەنێت، هەروەها دەبنە هۆی ئەوە کە عێراق ببێتە گۆڕەپانی جەنگ، بە تایبەت لەو قۆناغەدا، کە حکوومەت دەستی بە جێبەجێکردنی ڕێکاری جێبەجێکردنی بڕیاری پەرلەمان بۆ دەرچوونی هێزە بیانییەکان لە وڵات کردووە".

لەلایەکی دیکەشەوە دوای هێرشە موشەکییەکە، ژمارەیەک هێلیکۆپتەری جەنگیی ئەمەریکا لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا نیشتنەوە. لەوبارەوە سەرچاوەیەک بە پلەی نەقیب لە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە درەنگانی شەوی دووشەمە، ژمارەیەک هێلیکۆپتەری جەنگیی ئەمەریکا لەناو کۆمەڵگای باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ناوەڕاستی بەغدا نیشتنەوە و دواتر بە ئاسمانی ناوچەکەدا سوڕاونەتەوە و پاشان ناوچەکەیان جێهێشتووە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیشدا کە نیشتنەوەی ئەو هێلیکۆپتەرانە لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا دوای ئەو هێرشە موشەکییە هات کە شەوی ڕابردوو ئەنجامدرا.

هەواڵەکە لە کاتێکدا بڵاودەبێتەوە کە ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایانگەیاند کە ئەو هێزانە لە عێراق بەشداری لە هیچ هێرشێکی دژ بە داعش ناکەن و تەنیا بۆ ڕاهێنانی هێزەکانی عێراق بەکاردێنرێن.

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی کۆمەڵکوژی جووەکان:

مرۆڤایەتی کاری زۆری کردووە بۆ وەستاندنی جینۆساید و بیرکردنەوە لە قوربانییەکانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی کۆمەڵکوژی جووەکان، کە ناسراوە بە هۆلۆکۆست، دەڵێ، هۆلۆکۆست ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە مرۆڤایەتی کاری زۆری کردووە بۆ وەستاندنی جینۆساید و بیرکردنەوە لە قوربانییەکانی.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ساڵیادی کۆمەڵکوژی جووەکان، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیویەتی: ڕۆژی بیرەوەری هۆلۆکۆست، ئەوەمان بیردەخاتەوە کە مرۆڤایەتی کاری زۆریکردووە بۆ وەستاندنی جینۆساید و بیرکردنەوە لە قوربانییەکانی. بەداخەوە ڕێگایەکی دڕێژترمان لەپێشە تاوەکو خەڵکی بە ئامانجکراو لە سەرتاسەری جیهان لە جینۆساید بپارێزرێن.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسیویشییەتی، کە دەبێ بڵێین نابێت هەرگیز ئەمە دووبارە ببێتەوە، جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە ئەوەش بە سیاسەت و میکانیزمی گونجاو دەبێت.

شایانی باسە دوێنێ دووشەمە27ی1 یادی کۆمەڵکوژی جووەکان بوو، کە لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە، لە ساڵی 1941 تا 1945 نزیکەی 6 ملیۆن جوویان کۆمەڵکوژ کرد.

کوردستان نموونەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە بۆ پێکەوەژیان

نوێنەری جووەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕایگەیاند، ڕاستە ژمارەی جووەکان لە کوردستان کەمە، بەڵام هەرێمی کوردستان گرنگییەکی گەورە بە هەموو پێکهاتە ئایینییەکان دەدات. دوێنێ دووشەمە، 27ی 1 یادی کۆمەڵکوژیی جووەکان بوو، کە نازییەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1941 تا 1945 نزیکەی 6 ملیۆن جوویان کۆمەڵکوژ کرد.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، لە ساڵیادی کۆمەڵکوژیی جووەکان، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیبووی: ڕۆژی بیرەوەریی هۆلۆکۆست، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە مرۆڤایەتی کاری زۆری کردووە بۆ وەستاندنی جینۆساید و بیرکردنەوە لە قوربانییەکانی. بەداخەوە ڕێگایەکی دڕێژترمان لەپێشە تاوەکو خەڵکی بەئامانجکراو لە سەرتاسەری جیهان لە جینۆساید بپارێزرێن.

لەمبارەیەوە شێرکۆ عوسمان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: تا ئێستا ئامارێکی فەرمیمان نییە، کە بزانین ژمارەی جووەکان لە هەرێمی کوردستان چەندە، بەڵام ژمارەیەکی کەم هەن. ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوینداڕ هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوان و پێشەنگە لە هەموو بوارەکاندا و بە شێوەیەکی گشتی کوردستان لە بواری پێکەوەژیاندا پێشەنگ و یەکەمە.

د. شوان محەمەد ئەمین: کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک تڕەمپ دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە

مزەفەر تاهیر: دانانی ئاڵای کوردستان لەپشت سەرۆکی ئەمەریکا مانا و دەلالەتی زۆر لەخۆ دەگرێت

خەبات: تریفە ئازاد

سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ داڤۆس و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک تڕەمپ و ژمارەیەکی دیکەی بەرپرسانی باڵای وڵاتان لە میدیا و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و ناوخۆییدا دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش وەک ئاماژەیەک بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەولێر و بەرزبوونەوەی ئاستی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان لێکدانەوەی بۆ کرا.





مزەفەر تاهیر



د. شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو

داڤۆس بۆ قۆناغی ئەمڕۆی کورد گرنگی تایبەتی هەبوو

لە سەرەتا دا د. شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، مامۆستای زانکۆ لەبارەی گرنگی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ داڤۆس و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ خەبات گوتی: دیارە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە و لە ساڵی 1971ەوە دامەزراوە، ئامانجی قازانجی ئابووری نییە، بەڵکو تەنها بەدوای چارەسەری کێشەکان دەگەڕێت، لە هەر کۆبوونەوەیەکی ساڵانەدا سەرۆکی وڵاتان و گەورە بازرگانان و کۆمپانیای ئابووریی ئاستبەرز و چالاکوانان و کەسایەتیی کاریگەر بەشداری تێدا دەکەن و باسوخواسی گەرمی ئابووری و سیاسی لە کۆبوونەوەکان دەوروژێندرێن، لە چوارچێوەی کۆڕبەندەکەدا چەندین کۆبوونەوەی گرنگی دووقۆڵی و چەند قۆڵی ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی دانانی پلان و هەنگاونان بۆ چارەسەری کێشەکانی جیهان. گرنگی و بایەخی ئەو کۆڕبەندە جیهانییە لەڕووی میتۆوویی‌یەوە زۆرە، لە هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا چەندین سەرکردەی گەورەی دونیا چاویان بەیەک کەوتووە و کێشەکانی نێوانیان چارەسەر کردووە وەک کێشەی تورکیا و یۆنان و هەردوو کۆریا و ئەفریقیای باشوور، چونکە سالانە ژمارەیەک بڕیاربەدەستانی جیهان بەشدارن، ئەوەی بایەخی بۆ کوردستان هەیە ئەمساڵ دۆناڵد تڕەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوە، کە بە دەستکەوتێکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی دێتە ژمارەدن، ئەگەر سەیری پەیوەندییە میتۆوویی‌یەکانی کورد و ڕۆژاوا بکەین دەبینین لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان و دواتریشەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەم هەموو هەولّ و هێز و توانایەیەوە، ئینجا دەگەیشتە ئەوەی دیپلۆماتکار و نوێنەرانی کورد لەگەڵ فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی کونسوڵخانەیەک یان پارێزگاری شارێک یان پەیامنێرێکی بیانی کۆبونەوە بکات! ئێستا خۆشبەختانە بینیمان نەوەکەی بارزانیی نەمر، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵشت بە خەباتی نەتەوە ستەمدیدەکەی بە بڕوابەخۆبوونێکی تۆکمە و تەواوەوە لەگەڵ سەرۆکی گەورەترین وڵاتی تاکجەمسەر و زلهێز دادەنیشێت و بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن. گرنگی کۆبوونەوەکە مەغزای سیاسی و ئاماژەی جدی لێ دەخوێندرێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر سەیری بارودۆخی ناوخۆیی عێراق و هەرێمی و ناوچەکە بکەیت کە لە شێوەی بەرمیلێک بارووت دایە، کێشەی حوکمڕانی عێراق، ئاڵۆزی و بارگرژییەکانی ئەمەریکا و ئێران ، هەروەها پرسی کورد لە سووریا و تورکیا ، ئەوانە هەمووی بە جۆرێک لە جۆرەکان وابەستە و گرێدراوی یەکن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە کۆبوونەوەکەدا دانانی ئاڵای کوردستان و ناوهێنانی سەرۆکی هەرێم بە سەرۆکی کوردستان لەکاتێکدایە عێراق لە پەرلەمانی زۆرینە شیعەی خۆیدا بێ بەشداری کورد و سوننە بڕیاری دەرکردنی سوپای ئەمەریکای دا، دووبارە بایەخپێدانی ئەمەریکا بە کورد دوای ریفراندۆم، لە ئەنجامی کۆمەڵێک پێشهاتی سیاسییەوە هاتووە، بێگومان هەنگاو و سیاسەتی دیپلۆماسییانە و حەکیمانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کاریگەری خۆی نواندووە. ناوهێنانی سەرۆکی هەرێم بە جەنگاوەری مەزن ئاماژەیە بۆ هەڵوێست و هێزی نەرم و دانایی سەرۆکی هەرێم لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە. لە لایەکی تردە باسکردنی پرسی سووریا لە لایەن ترامپەوە ئاماژەیەکی تر لەسەر ڕۆڵ ئاگاداری سەرۆکی هەرێم لە چارەسەری قەیرانەکاندا. داڤۆس بۆ قۆناغی ئەمڕۆی کورد گرنگی تایبەتی هەبوو چۆن لە پێشتردا لە 2014دا وتارە گرنگەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لەم کۆڕبەندەدا سەرنجی جیهانی ڕاکێشا بە هەمان شێوە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک مەغزایەکی تری بە پێگەی هەرێمی کوردستان بەخشیوە.

دیدارەکانی سەرۆکی هەرێم و دەنگدانەوەکان

مزەفەر تاهیر نووسەر و چاودێری سیاسی لەبارەی گرنگی دیدارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە داڤۆس لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دیدارەکەی لەگەڵ تڕەمپ لە چوارچێوەی بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی ئابوویری داڤۆس نێچیرڤان بارزانی کۆمەڵێک دیداری گرنگ و بایەخداری ئەنجام دا، لەڕووی کاتەوە ئەم دیدارانە لە جێی خۆی بوون، چونکە گۆڕانێکی خێرا لەناوچەکە لە ئارادایە، بێگومان دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک و گەورە پلەدارانی ئەورووپا و جیهان لێکەوتەی زۆر و دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و لە میدیاکانی جیهاندا زۆرترین فۆکەسی خرایەسەر ، لەنێو زنجیرە دانیشتنەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیدارەکەی سەرۆک تڕەمپ بوو ، کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس جگە لەوەی لووتکەی ئابووریی جیهان و بەیەکگەیشتنی سەرۆک و گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بوو، گەورەترین و بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی جیهان مانا و دەلالەتی زۆر لەخۆ دەگرێت، پێشوازیی تڕەمپ لە نێچیرڤان بارزانی و شاندەکەی لەڕووی پڕۆتۆکۆلیەوە هاوشێوەی سەرۆک وڵاتێکی زلهێز بوو بە جۆرێک دانیشتنەکەی نێوان نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک تڕەمپ خرایە لیستی ئەو دانیشتن و دیدارە گرنگانەی کە کۆشکی سپی لە ڕووداوەکانی ڕۆژ بۆ میدیاکانی ڕادەگەێنێت، ئەمەریکا بە تەنها زلهێزێکی بالّوێزانی زۆربەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ هەردوو وڵاتی کەنەدا و ئەمەریکا لە بەغداوە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان لە دژی ئەو ڕێوشوێنانە بڵاو کردەوە، کە حکوومەتی عێراق لە بەرانبەر خۆپیشاندەرانی وڵاتەکە دەیگرێتەبەر.

دوێنێ دووشەمە بالّوێزانی هەریەک لە وڵاتانی کرواتیا، چیک، فینلاند، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هەنگاریا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، نەرویژ، پۆڵاند، ڕۆمانیا، ئیسپانیا، سوید، بەریتانیا، کەنەدا و ئەمەریکا لە بەغدا، ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە سەرکۆنەی بەکارهێنانی زیادەی تووندوتیژی هێزە ئاسایشییەکان و میلیشیاکانی عێراق دەکەن لە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازی وڵاتەکە، کە لە ڕۆژی 24ی ئەم مانگەوە دەستیان پێکردووە، لەوانەش لە دژی خۆپیشاندەرانی پاریزگاکانی بەغدا، بەسرا و داڤۆس جگە لەوەی لووتکەی ئابووریی جیهان و بەیەکگەیشتنی سەرۆک و گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بوو، گەورەترین و بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی جیهان مانا و دەلالەتی زۆر لەخۆ دەگرێت، پێشوازیی تڕەمپ لە نێچیرڤان بارزانی و شاندەکەی لەڕووی پڕۆتۆکۆلیەوە هاوشێوەی سەرۆک وڵاتێکی زلهێز بوو بە جۆرێک دانیشتنەکەی نێوان نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک تڕەمپ خرایە لیستی ئەو دانیشتن و دیدارە گرنگانەی کە کۆشکی سپی لە ڕووداوەکانی ڕۆژ بۆ میدیاکانی ڕادەگەێنێت، ئەمەریکا بە تەنها زلهێزێکی جیهان نییە لە ڕووی هێزی سیاسی و سەربازییەوە بەڵکو بچووکترین لێدوانی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی فەرمی گۆڕانی گەورە بەدوای خۆی دادێنێت، ئەمەریکا بەوردی چاودێری گۆڕانە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دۆستەکانی بەسەر دەکاتەوە و بە جۆرێکی تووندیش پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی دەکات، عێراق لە لێواری تەقینەوەیەکی کاولکاردایە، ئەمەریکا باش چاودێری هەنگاوی سەرکردە کاریگەرەکانی ناوچەکە دەکات، ئەمەریکا باش لە هێز و کاریگەری نێچیرڤان بارزانی تێگەیشتووە، بۆیە ئەمەریکا مەبەستیەتی لە نزیکەوە ڕاوێژی لەگەڵ بکات و لە پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق بۆچوونەکانی بە هەند وەردەگرن، نێچیرڤان بارزانی لە کۆبەندی ئابووریی داڤۆس لەبەر ڕۆشنایی دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک تڕەمپ هەڵسەنگاندنێکی ورد و بابەتیانەی بۆ دۆخی عێراق و بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ وەدەرنانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق لێکەوتەکانی خستەڕوو، نابێ ئەوە لەبیر بکەین لە ئێستادا لەسەر ئاستێکی باڵا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەولەیەکی نا موعلەنی دەستپێکردووە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی سێ هەرێمی فیدرال بۆ عێراق وەک ئەڵتەرناتیڤ و چارەسەر بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی ئێران و ئاڵۆزییە ناکۆتاکانی عێراق کە لە دوای پڕۆسەی ئازادیی بەرۆکی هاووڵاتیانی عێراقی گرتووە، ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانیش باس کراوە لەبارەی پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تەنها سەرەتایە و ڕووداو گەورەکان لە داهاتوودا دەکەونە ڕۆژهەوە.

باکووری کوردستان...

بوومەلەرزەکەی خارپێت 948 پاشەلەرزەی بەدوای خۆیدا هێناوە

هێنا کە گوڕی 21یان، چوار پلە بوو بەپێوەری ڕیختەر.

فەرمانگەی کاروباری دۆخی لەناکاو و کارەساتەکانی تورکیا AFAD ڕایگەیاند، دوای ئەو بوومەلەرزەیەی کە ناوەندەکەی شارۆچکەی خارپێت بوو لە باکووری کوردستان و بەگوڕی 6.8 پلە بە پێوەری ڕیختەر ناوچەکەی هەژاند، 948 پاشەلەرزەی بەدوای خۆیدا هاتووە کە 45یان بەهێزتر بوون و 21یان لە ئاستی 4 پلەی ڕیختەر بوون.

فەرمانگەی کاروباری دۆخی لەناکاو و کارەساتەکانی تورکیا ڕایگەیاند، لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا 948 پاشەلەرزە تۆمار کراون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە ئێستادا هەن، 39 کەس گیانیان لەدەستداوە، 1607 کەسیش بریندار بوون.

پەردووی خانووە ڕووخاوەکان دەربهێنن و ڕزگار بکەن و نووسیوویەتی: بەهۆی بوومەلەرزەکەوە 39 کەس گیانیان لەدەستداوە، 516 کەس لەو هەزار و 607 کەسە ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە کە دوای بوومەلەرزەکە چووبونە نەخۆشخانە. فەرمانگەی کاروباری دۆخی لەناکاو و کارەساتەکان باسی لەوەش کردووە کە 24 هەزار و 402 خیوەت، 26 هەزار و 501 جێخەو، 62 هەزار و 963 پێخەف و سێ هەزار و 651 گەرمکەرەوەیان گەیاندووەتە لێقەوماوان و بەپێی پێویست خۆراکیشیان بەسەر لێقەوماواندا دابەش کردووە.

16 وڵات ڕاگەیەندراوێکیان لە دژی حکوومەتی عێراق بڵاو کردەوە

داوای لێکۆڵینەوە لە کۆژرانی زیاتر لە 500 خۆپیشاندەری عێراقی دەکەن

بەرپرسانی ئەمریکا و 16 وڵاتی تر داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن لێکۆڵینەوە لە کۆژرانی زیاتر لە 500 خۆپیشاندەر بکات و ناسیریە. لە ڕاگەیەندراوەکە ئەوەش هاتووە "ئەگەرچی حکوومەت بەڵێنی دابوو کە چیتر تووندوتیژی بەکار نەهێنن بەرانبەر خۆپیشاندەران، کەچی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕاستەوخۆ گوللەیان لە دژی خۆپیشاندەران بەکارهێناوەتەوە، بەم هۆیەوە چەندین خۆپیشاندەر لەو سێ پارێزگایەدا کوژراون، ژمارەیەکی زۆریشیان تۆقێندراون و هەڕەشەیان لێ کراوە".

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا تەواوی بالّوێزەکان داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن ڕێز لە ئازادیی گردبوونەوەکان و مافی ناڕەزایی دەربڕین بگرێت، وەک چۆن دەستووری عێراق زامنی کردووە. هەروەها دووبارەش داوای لێکۆڵینەوەیان لە کوژرانی زیاتر لە 500خۆپیشاندەری عێراقی کردووەتەوە لەوەتەی دەستپێکی خۆپیشاندان و مانگرتنە گشتییەکان لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ڕابردووەوە.

HDP ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەکات



بڕیارە 2020/2/23 پارتی دیموکراتی گەلان ئامادەکاری بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی دەکات و لەوێشدا گۆڕانکاریی بەرچاو لە پێکهاتەی هەڵبژێرێت، بەڵام دەمیرتاش ڕازی نەبووە و گوتوویەتی لە زیندانداا ناتوانم هەڵبژێرێت، بۆیە داوای لێبیان کردووە، کە هەردووکیان تەمەللی و بوڵدان خۆیان کاندید بکەنەوە و وەکوو هاوسەرۆکانی هەڵبژێرێت دەست بەکار بن. چەند میدیایەکی تورکیاش بڵاویان کردۆتەوە، کە پەروین بوڵدان و سەزایی تەمەللی ڕازی بوونە کە بنەوە هاوسەرۆکی هەڵبژێرێت.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، بوڵدان و تەمەللی داوایان لە دەمیرتاش کردووە کە خۆی بۆ هاوسەرۆکی هەڵبژێرێت، بەڵام دەمیرتاش ڕازی نەبووە و گوتوویەتی لە زیندانداا ناتوانم هەڵبژێرێت بەڵام بەم، بۆیە داوای لێبیان کردووە، کە هەردووکیان تەمەللی و بوڵدان خۆیان کاندید بکەنەوە و وەکوو هاوسەرۆکانی هەڵبژێرێت دەست بەکار بن. چەند میدیایەکی تورکیاش بڵاویان کردۆتەوە، کە پەروین بوڵدان و سەزایی تەمەللی ڕازی بوونە کە هەر بە گوێرەی زانیارییەکانی (بیرگون)،

وەزارەتی شارەوانی و ئاژانسی USAIDی ئەمەریکی سێکتەری ئاوی هەرێمی کوردستان یەکدەخەن

ساسان عەونی: یەکخستنی پڕۆسەکانی سێکتەری ئاو زۆر گرنگە و کار بۆ بەرەو پێشبردنی دەکەین





دوێنێ دووشەمە 27ی کانوونی دووەمی 2020 لە شاری هەولێر بە سەرپەرشتی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی بریکاری وەزیر و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی، هەروەها ئیبۆ ڕەسوڵ سەرۆکی ئۆفیسی هەرێمی پڕۆژەی USAID-GPA و کریستا کارتسون بەڕێوەبەری پڕۆژەکە و سەرۆکی پڕۆژەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵکی کوردستان سوودی زۆرمان لێبینیون و چاومان لە زیاتریشە، هەمیشە ئەو هاوکاری و پاڵپشتییانە جێی پێزانین و ڕێزگرتنمانن.

لەسەر یەکخستنی پڕۆسەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمەکەدا وتارێکی پێشکەشکرد و تێیدا باسی لە گرنگی ئەو جۆرە وۆرکشۆپانە کرد لە بواری سێکتەری ئاودا، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە سەرەتای وتارەکەیدا سوپاسی ڕێکخراوی ناوبراوی کرد و ڕایگەیاند: مایەی خۆشحاڵیمە کە لەگەڵ هاوکارانم لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لێرە لەگەڵتان ئامادەم بۆ بەڕێوەچوونی ڕەگەزێکی لەپێشینە و زۆر گرنگی بەرنامەی کارکردنمانە.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، گوتیشی: سێکتەری ئاو بەلای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە یەکێکە لە سێکتەرە هەرە گرنگەکان و بە بایەخەوە کار بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو سێکتەرە دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە و بە کوالێتی بەرز و بە یەکسانی ئاو بەسەر هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان دابەش بکەین، ئەو جۆرە وۆرکشۆپانەش بۆ یەکخستنی پڕۆسەکانی سێکتەری ئاو زۆر گرنگە و ئێمە وێڕای پشتگیریکردن، ئامادەی هەموو جۆرە کارئاسانی و هاوکارییەکێ لەپێناو باشترکردن و پێشخستنی سێکتەری ئاو لە هەرێمی کوردستان.

ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار وێڕای ئامادەبوونی بە جێدێتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە سێکتەری ئاو بۆ بەرەوپێشبردن و کۆنترۆڵکردنی، بەشێوەیەک کە نابێت بوار بدەین چیتر ئەو سامانە نیشتمانییە بەفیڕۆ بدرێت کە بە جدیەتەوە کار دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لەو شوێنانەی کە وەک پێویست تا ئێستا ئاویان پێ نەگەیشتووە، هاوکات داوای کرد ڕێکخراوی USAIDبەردەوام بن لە کردنەوە و پەرەپێدانی وۆرکشۆپ و ڕاهێنان و ڕاوێژپێدان و خولەکانیان، هەروەها لە هەماهەنگی و هاوکارییەکانیان بەردەوام بن، گوتیشی ئێمە و خەڵکی کوردستان سوودی زۆرمان لێبینیون و چاومان لە زیاتریشە، هەمیشە ئەو هاوکاری و پاڵپشتییانە جێی پێزانین و ڕێزگرتنمانن.

دواتر مەسعود کارەش بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆکانی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئاماژەدان بە گرنگی وۆرکشۆپەکە و جێبەجێکردنی سیستەمە نوێکە کە لەمیانەی مەراسیمەکەدا باسی لێوەکرا، هاوکات ئاماژەی بەوەش کرد کە 900 فەرمانبەر لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بەشداری ئەو پڕۆسەیان کردووە، بۆ ئەوەی پڕۆسەکە تەنیا ناوچەیەک نەگرێتەوە، هەروەها ئەندازیار مەریوان جەلال سەبارەت بە گرنگی پڕۆسەکە گوتی: ئەو سیستەمە نوێیە و لە زۆربەی وڵاتانی دونیاش کاری پێ دەکرێت، سەبارەت بە ئامانجی وۆرکشۆپەکەش گوتی: گوشارێکی زۆر لەسەر فەرمانبەرانی فەرمانگەکان کەم دەکاتەوە و بەهۆیەوە خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەش بە هاوواڵتیان دەکرێت.



دوای ئەوەی خیوەتەکانیان لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە سووتێنران

خۆپێشاندەرانی ناسرییە خیوەتی نوێیان دانایەوە

لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار باشووری عێراق، خۆپیشاندەران خیوەتی نوێیان لەبری ئەو خیوەتانەی کە بەردەبەیانی دوێنێ دووشەممە لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە سووتێنران، دانایەوە. لەوبارەوە چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی ناسرییە، مزاحم شەلەش ڕایگەیاند کە دوای ئەوەی خیوەتەکانیان لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە سووتێنران، دووبارە خیوەتی نوێیان داناوەتەوە. مزاحم شەلەش گوتیشی: چەکدارانی سەربە پارتەکان خیوەتەکانیان لەوەی ڕوویداوە و ئەگەر ئەوان پێیان وایە بەو کارەیان دەتوانن کۆتایی بهێنن بە خۆپیشاندانەکانیان، بەڵام پێیان دەڵێین کە ئەو کارەیان نەک هەر بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان پاشگەزمان ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر هانمان دەدات کە سوورین لەسەر خۆپیشاندانەکانمان بە ئامانجی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵیی و پارتە دەسەڵاتدارەکان.

ناوبراو ئەوەشی گوت: فەرماندەیی پۆلیسی زیقار و هێزە ئەمنییەکان بەڕێسان چەکدارەکان تەقەیان بە ئاسماندا کردووە و دواتر خیوەتی خۆپیشاندەرانیان سووتاندووە.

سەرچاوەیەکی پزیشکیش ڕایگەیاندبوو کە یەک خۆپیشاندەر بە گوللەی چەکدارانی نەناسراو لە ناوەڕاستی شاری ناسرییە باشووری عێراق کوژراوە و چواری دیکەش بریندارببوون. ئەمەش دوای ئەوە دێت ڕۆژی یەکشەممە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانداڕووبدا کە بەهۆیەوە 70 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

چین... ژمارەی قوربانیانی نەخۆشی کۆرۆنا بۆ 3080 کەس بەرزبۆوە

نزیکەی نیو ملیۆن پزیشک و پسپۆری تەندروستی سەرقاڵی چارەسەرکردنی تووشبووانن

خەبات - مەریوان نەقشبەندی

سەرچاوەکانی هەواڵ لە وڵاتی چینەوە ئاماژە بۆ شپرزەیی و ترسێکی زۆر لەناو هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەکەن بەهۆی باڵاببوونەوەی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بەهۆیەوە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی تووشبووان و ئەوانەشی گیان لەدەستدەدەن لەزیادبوون دایە. بەپێی دوا ئاماریش کە بەربەیانی دوێنێ دووشەممە بڵاوکرایەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە بەهۆی ئەم ڤایرۆسە تەنها لە وڵاتی چین 80 کەسی تێپەڕاندوە و نزیکەی 3000 کەسیش لە هەڵگرانی ئەم ڤایرۆسە لە نەخۆشخانەکانی چیندا لەژێر چاودێریدان و نزیکەی 350 کەسیش لەم تووشبووانە حاڵەتی تەندروستیان تەواو ناجێگیرە و پێشبینی زیادبوونی ژمارەی مردووەکان دەکرێت.

دەسەڵاتدارانی چین بەهۆی ئەم نەخۆشیە ڤایرۆسییەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژی دیکە دەوامی فەرمیان ڕاگرتووە و شاری وۆهان کە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەیە بەتەواوەتی داخراوە و نزیکەی نیو ملیۆن پزیشک و پسپۆری تەندروستی سەرقاڵی چارەسەرکردنی تووشبووانن و بەشێکیشیان خەریکی دابەشکردنی کەلوپەلی خۆپارێزین. ئەگەرچی هێشتا لەدەرەوەی چین هیچ حاڵەتێکی مردن بەهۆی ئەم ڤایرۆسە ڕانەگەیەندراوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڤایرۆسەکە گەیشتۆتە چەند وڵاتێکی وەک ئوستراڵیا و تایلەند و کەنەدا. تووشبووانی ئەم ڤایرۆسە دووچاری هەڵامەت و هەوکردنی گەرو و سیپەکان دەبن، بەجۆرێک توانای هەناسەدانیان نێجگار تەنگ دەبێت و هەتا ئێستاش چارەسەری ئەم نەخۆشیە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام پزیشکانی چین سەرقاڵی وردبینی و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرن.



ئەمەریکا.. نۆ کەس لە کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەدا گیانیان لەدەستداوە

یاریزانی بەناوبانگی تۆپی سەبەتە کۆبی برایانت گیانی لەدەستدا

یاریزانی ئەفسانەیی تۆپی سەبەتە، کۆبی برایانت لە ڕووداوێکی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەردا لە کالیفۆرنیا گیانی لەدەستدا. فەرمانڕەوای مەدەنی ناوچەی لۆس ئەنجلس لە کالیفۆرنیا لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر هەواڵی گیانلەدەستدانی یاریزانی ئەفسانەیی هەڵبژاردەی تۆپی سەبەتەی ئەمەریکا، کۆبی برایانتی تەمەن 41 ساڵ لە ڕووداوێکی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەردا لە شاری کالاباساس پشتڕاستکردەوە.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاکامی کەوتنەخوارەوەی ئەو هەلیکۆپتەرەی کە یاریزانی ئەفسانەیی تۆپی سەبەتە، کۆبی برایانت لە ڕووداوێکی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەردا لە کالیفۆرنیا گیانیان لەدەستداوە، نۆکەس و گیانیان لەدەستداوە. پێشتر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاماژەیان بەوە دابوو لە ڕووداوێکی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەردا لە نزیک شاری کالاباساس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا پێنج کەس گیانیان لەدەستداوە، بەڵام دواتر ڕاگەیەندرا کە ژمارەی ئەوانەی لە ڕووداوەکەدا گیانیان لەدەستداوە نۆکەسە. گوتەبێژی یەکەی هەواڵگری فیدراڵی، ئاڵەن کەنیتزەر ڕایگەیاندووە کە هێشتا هۆکاری کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکە کە لە جۆری «Sikorsky S-76»ـە دەرنەکەوتووە.

ڕۆژی هەینی داهاتوو 53 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی ڕەوانەی ئێران دەکرێن



بڕیارە لە ڕۆژی هەینیی داهاتوودا ژمارەیەک بەرکەوتەی چەکی کیمیایی لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی وڵاتی ئێران بکرێن بۆ چارەسەرکردن و سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەش ئاشکرای کرد، حکوومەت هەموو خەرجیی چارەسەرکردنی بۆ دابین کردوون.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕۆژی هەینیی داهاتوو 53 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێن بە مەبەستی چارەسەرکردنیان، هەموو ئەو چارەسەرکردنەکەشیان حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی خۆی دەگرێت و پارەیان بۆ خەرج کراوە.

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباراني هەڵەبجە گوتیشی: بڕیار بوو پێشتر ئەو بەرکەوتانە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت بۆ چارەسەرکردن، بەڵام بەهۆی هەندێک ڕۆتینی کارگێڕییەوە دوا کەوتووە و ڕۆژی هەینی بڕیندارەکان ڕەوانەی ئێران دەکرێن.

لوقمان عەبدولقادر گوتیشی: ژمارەیەکی دیکەی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی ماون، پێویستیان بە چارەسەرە لە دەرەوەی کوردستانە و پێشتریش ژمارەیەکی دیکە لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێم ڕەوانەی دەرەوە کراون، بۆ چارەسەرکردن.

بەرپرسێ لقا ئێک ل هند گرفتێن هاولاتیان د پرسیت



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ و ب ئامادەبوونا بەرپرسێ نڤیسینگەهێن کرین و فروتنا ئەرد و خانیا جڤیا، دڤێ جڤینێ دا بەرپرسێ لقێ گوهداریا گلەو گازندێن وان کر، پاشرا بەرپرسێ لق ئامازە دا وێ چەندێ کو داخوازی و لێژنا ناوچا سێمێل و هژمارەکا خوانێن نڤیسینگەهێن کرین و فروتنا ئەرد و خانیا جڤیا، دڤێ جڤینێ دا بەرپرسێ لقێ گوهداریا گلەو گازندێن وان کر، پاشرا بەرپرسێ لق ئامازە دا وێ چەندێ کو داخوازی و گازندێن هەوە دێ دگەل سازیێن پەیوەندیدار ب ڕێکارێن یاسایی کو حەق بۆ حەق خوازا بزڤرێتەڤە، ئەڤەو خودانێن نڤیسینگەها سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ پشتەڤانی و هاریکاریا وی.

کەرکووک... ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس لەلایەن پۆلیسی فیدراڵییەوە دەستبەسەرکران



خەبات/ ئارام شێرکۆ: لە کاتی چوونیان بۆ ڕوومالّ کردنی گردبوونەوەی جووتیاران لە گوندی خەرابە لە سنووری قەزای دووبز و ناحیەی سەرگەڕان لەلایان پۆلیسی فیدراڵییەوە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کورد دەستبەسەرکران. سەربارەت بەمەش یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانە بەناوی دیار تالّب لە لێدوانێکی تایبەتی بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: کاتێک چووین بۆ ڕوومالّ کردنی گردبوونەوەی جووتیارانی گوندی خەرابە لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان لە بازگەی نێوان دووبز و سەرگەڕان ڕێگریمان لێکرا و نەیان هێشت بچینە ئەو گوندە بۆ ڕوومالّ کردن و گواستنەوەی گردبوونەوەکە. دیار گووتیشی پاش ئەوەی ناسنامەکانیان لێسەندین چەند کاتژمێرێک ئێمەیان هێشتەوە بەبیانووی ئەوەی نووسراوی فەرمی فرقەمان پێنییە لەکاتێکدا فرقەی ئەوان لە تکریتە نەک کەرکووک ئەمەیش کێشەیە بۆ ئێمەی ڕۆژنامەنووس و ناکرێت ئێمە بچینەی تکرین بۆ هێنانی نووسراو بۆ ڕوومالّ کردنی هەوالی شاری کەرکووک. دیار گووتیشی ئەوە یەکەم جار نیە پۆلیسی فیدرالی لەم دەڤەرە بەم شێوەیە ڕێگری لە سەرگەڕان بکات و ڕۆژنامەنووسان دەکەن و دەست بەسەریان بکەن. هەرچەندە ئێمە لە ڕێگای پارێزگا و باجی فەرمی و مولّەتی کارکردنمان هەیە ,بەڵام هەر ڕێگریمان لێ دەکرێت. لە پاش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر و نەمانی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش لە ناوچەکە شارەکە ڕووبەرووی تەعریب بۆتەوە و هێزە چەکدارەکانیش ڕێگری لە کارەکانی ڕۆژنامەنووسان دەکەن و ناهێڵن کارەکانیان وەک پێویست ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ئەو کارە نایاسایانەی دەیکەن کەس لێیانەوە ناگار نەبێت.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو زکری حەبیب تەمەر نێروەیی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و شۆڕشی گوڵان، هەڵگری میدالیای بارزانی نەمر، خوالێخۆشبوو زکری حەبیب تەمەر نێروەیی-مان بیست. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو کۆچخا بەهجەت گوڵمکەوەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی کوردپەروەری دیار و ناسراوی ناوچەی شوان و چەمچەماڵ، خوالێخۆشبوو کۆچخا بەهجەت گوڵمکەوەیی-مان بیست. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

ڕاگەیەندراوێک لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە

دامودەزگاکانی تەندروستی زۆر بە وردی و بە بەردەوام چاودێری ڕەوشی ئەم نەخۆشییە دەکەن

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕای گشتی و دامودەزگاکانی میدیا ڕایدەگەیەنێت کەوا هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ "2019-nCoV" لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و تۆمار نەکراوە. بە داخەوە لە چەند پەیج و میدیایەک بەبێ هیچ سەرچاوەیەک و دوور لە ڕاستی و بەبێ هیچ بنەمایەک هەواڵی بوونی ئەم نەخۆشییەیان بڵاوکردۆتەوە. لێرەدا هاوواڵاتیانی خۆشەویست دڵنیا دەکەینەوە کە دامودەزگاکانی تەندروستی زۆر بە وردی و بە بەردەوام چاودێری ڕەوشی ئەم نەخۆشییە دەکەن بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککارە پێویستەکان دەگیرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەم نەخۆشیە، هەروەها ڕایدەگەیەنین کەوا جگە لە وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لەسەر ئاستی جیهاندا، هیچ لایەنێکی دیکە بەسەرچاوەی فەرمی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانە دانادرێت.

وەزارەتی تەندروستی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
27ی کانوونی دووەمی 2020

دهۆک... دیدارا گەشتیاری ل ژێردوریشمێ

دهوک بەرب پایتەختێ گەشتیاری یێ هەرێما کوردستانێ هاتە ئەنجامدان



ل هولا کونفرانسا ل ژێر چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ و ب ئامادەبونا ماجد سەید صالح نونەرێ پارێزگەرێ دهوکێ و فەهیم عەبدوڵلا سەرۆکێ جڤاتا پارێزگەهێ و ڕێڤەبەرێن میری و وبازرگان و سەرمایەداران ڕێڤەبەریا گشتی یا گەشت و گوزاری ب هەڤکاری دگەل کوڤارا بازار ریکلام دیدارا گەشتیاری ل ژێر دوریشمێ دهوک بەرب پایتەختێ گەشتیاری یێ هەرێما کوردستانێ ئەنجامدا. لبەراهیێ عوبێدوڵلا داود ڕێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل پارێزگەهێ چەند رونکرن دانە وان بزاف و چالاکییێن گەشتیاری یێن ژلایێ ڕێڤەبەریا وان هاتینە ئەنجامدان و هەولێن هاتینە کرن کو دهوک ببیتە پایتەختێ گەشتوگوزاری ل هەرێما کوردستانێ. پاش نونەرێ پارێزگەرێ دهوکێ دپەیڤەکێدا گرنگیا کەرتێ گەشتوگوزارێ دبیاڤێ ئابوری و بازرگانی دا دیارکر و تەکەزکر کو شەنگستێ ئابوری یێ گەلەک وەلاتان ل سەر بزاڤا گەشتیاری دهێتە ئاڤاکرن و پارێزگەها دهوکێ ژی سەقایەک باش و سروشت وجهەکێ گونجایە بو پێشئێخستنا کەرتێ گەشتیاری و پێدڤیە حکومەت و بازرگان و سەرمایەدار ڤی کەرتی باشتر پێشبێخن بو وێ یەکێ دەلیڤێن کاری بو بێ کار و گەنجان پتر بهێنە پەیداکرن. پاش فلمەکێ دیکیومەنتاری ل دور بزاڤا گەشتیاری هاتە ستاندن ل سەر هاتنەکرن. ل پەنەلێ دووێ یێ دیدارێ بابەتێ چاوانیا راکێشانا گەشتیاریێ بیانی بو پارێزگەهێ ژلایێ بەختیار محی الدین ماموستایێ پشکا گەشتیاری ل کولیژا کارگێری وئابوری و د.ڕێبەر فتاح راگرێ گولیژا کارگێری وئابوری ل زانکویا دهوکێ و رامون عازار شیرەتکارێ کارگێریا ئوتێل وموتێلان هاتە گەنگەشەکرن. هەژی گوتنێ یە ل دوڤ ئامارێن ڕێڤەبەریا گشتی یا گەشت وگوزاری ل سالا 2019ێ نیڤ ملیون گەشتیارا قەستا پارێزگەها دهوکێ کریە و 841 بنگەهە و جهێن گەشتیار و63 ئوتێل و 76 کومپانی وبریکارێن کومپانیا ل پارێزگەهێ هەنە و بنگەهێن گەشتیار ب ڕێژا 15-20% و هاتنا گەشتیارا 30% زێدەبونە.

زاخۆ ... دوو ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر لە بازاڕی سەوزە و میوە گڕیان گرت



لە بازاڕی سەوزە و میوەی زاخۆ ئاگر لە دوو ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر کەوتەوە و بە هۆیەوە زەرەرو زیانی ماددی گەورەی لێکەوتەوە.

لەمبارەیەوە پەیامنێری کوردستان تیڤی لە زاخۆ ڕایگەیاند: کاتژمێر 12:45 خولەکی نیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە ئاگر لە 2 ئۆتۆمبیلی بارهەڵگڕ بەربوو و ئاگرەکەش زەرەر و زیانی ماددی و گیانی لێکەوتەوە. ڕاشیگەیاند: بە پێی زانیارییەکان شۆفێری بارهەڵگرەکان بەهۆی سووتانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی زاخۆ کراون.

هەولێر... ئەو دوو تۆمەتبارەی ئۆتۆمبێلەکەیان دزی بوو دەستگیرکران



بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ئەو دوو تۆمەتبارەی ئۆتۆمبێلێکی جۆری میرسیدسیان لە شەقامی 60 مەتری هەولێر دزی، لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیر کران.

عەمید دلێر نەجار، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان ڕایگەیاند، پاش ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی جۆری میرسیدس لە شەقامی 60 مەتری لە هەولێر لەلایەن دوو تۆمەتبارەوە دزرا، دەستمان بە لێکۆڵینەوەی ورد کرد و توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا ئۆتۆمبێلەکە بدۆزینەوە و تۆمەتبارەکانیش دەستگیر بکەین. بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕوونیشی کردەوە، ئۆتۆمبێلەکە، کە 3 هەزار و سەد دۆلار و بڕی 80 هەزار دیناری عێراقیشی تێدا بوو، هی دادخواز بوو و ئەمڕۆ ڕادەستی کرایەوە.



هۆکارەکانی گرانبوونی نرخی غاز لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی «خەبات» دا

پارێزگاری هەولێر:
نرخی غازی حکومی تەنیا بە 7.500 دینارە، هەر کەسێک لەو نرخە زیاتر وەربگرێت، تووشی سزا دەبێت

بەدواداچوون: فاتیح بەرزنجی

چەند ڕۆژێکە لە سنووری شاری هەولێر و دەوروبەریدا نرخی غاز لە بازاڕەکاندا گران بووەو نرخی غازی حکومی 7 هەزارو 500 دینارەو لەبازاڕی ئازاد نرخەکەی گەیشتۆتە (10-12) هەزار دینار، هاوواڵاتیانیش گلەیی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە بەدواداچوون بۆ ئەو گرانبوونە بکەن و بەگوتەی هاوواڵاتیان ئێستا ئوتومبێلەکانی بریکاری غازی حکومی وەکو جاران بەنێو کۆڵانەکاندا ناگەڕێن و ئەوانەی کە دەگەڕێن تەنیا ئوتومبێلی غازی ئەهلی لەنێو کۆڵانەکان دەبیندرێن و غاز بە 12هەزار دینار دەفرۆشن. لەو بەدواداچوونەی ڕۆژنامەی خەبات وردەکاری زیاتر ڕوون دەکەینەوە:

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر: ئەو کۆمپانیایەی غاز دابین دەکات تەنیا 250 تەنی پێ دابین دەکرێت و هەولێریش پێویستی بە 400 تەن هەیە



هاوواڵاتیان: چاوەڕوانی ئەوەین کە حکومەت کۆنترۆڵی غاز بکات

لەو ماوەیەدا گرانبوونی نرخی غاز گلەیی و گازاندەی هاوواڵاتیانی بەدوای خۆیدا هێناو هاوواڵاتیان داوا دەکەن کە بەدواداچوون بۆ گرانبوونی نرخی غاز بکات.

سالح لەگەڕەکی مەنتکاوە گوتی: پێشتر ئوتومبێلەکانی غازی حکومی لەنێو کۆڵانەکانی شاری هەولێر بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا وەکو پێویست ئوتومبێلی غازی حکومی ناگەڕێن و تەنیا ئوتومبیلی غازی ئەهلی بەرچاو دەکەون و نرخەکەش گرانە و دەگاتە 12هەزار دینارو غازی حکومی نرخەکەی بە 7 هەزارو 500 دینارە، بۆیە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان لێپرسینەوە لە گران بوونی نرخی غاز بکەن.

شەوکەت هاوواڵاتیەکی دیکەی گەڕەکی مەنتکاوە بوو گوتی: یەکەمین جار نییە بەو شێوەیە نرخی غاز گران دەکرێت و هۆکارەکەیش نەبوونی لێپرسینەوەیە، هاوواڵتی نرخی جێگیری پێویستە بۆ ئەو کاڵا و پێداویستیانەی ڕۆژانە بەکاری دەهێنێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان تەنیا ڕوونکردنەوە دەدەن نەک چارەسەری گرانبوونەکەی بکەن، ڕوونکردنەوەیش هیچ سوودێکی نییە.

دواتر هەر لەمیانەی ئەو بەدواداچوونەدا ڕاوسەرنجی لایەنی پەیوەندیدارمان سەبارەت بە گران بوونی نرخی غاز وەرگرت.

هاوواڵتییەک: لایەنە پەیوەندیدارەکان تەنیا ڕوونکردنەوە دەدەن نەک چارەسەری گرانبوونەکەی بکەن، ڕوونکردنەوەیش هیچ سوودێکی نییە

پارێزگاری هەولێر: ئەوانەی غاز گران دەکەن ڕێککاری یاساییان بەرامبەر دەکرێت

دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر هەموو ئەو دەنگڕیانەی کە سەبارەت بە گرانبوونی نرخی غاز هەیە ڕەت دەکاتەوە دەڵێت: ئەو کەسانەی کە نرخی غاز گران دەکەن ڕێککاری یاساییان لەبەرامبەردا دەگیرێتەبەرو خۆی تووشی سزا دەکات، بۆیە پێویستە ئوتومبێلەکانی غاز هەوڵی گرانکردنی غاز نەدەن و نرخی غاز گران نەبووەو نرخی غازی حکومی تەنیا بە 7 هەزارو 500دینارەو هەر کەسێک لەو نرخە زیاتر وەربگرێت، تووشی سزا دەبێت، دیارە کێشەیەک لەگەڵ ئەو بەڵێندەرە هەیە کە غاز وەردەگرێت و دابەشی دەکات و چەند ڕۆژێکی دیکە کێشەکە چارەسەر دەکرێت.

پاشان سەردانی قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێرمان کردو لەوێدا نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر سەبارەت بە گران بوونی نرخی غاز بۆ خەبات ڕوونیکردەوە:

دیارە کەمی غازی شل لە شاری هەولێر کێشەی پەیدا کردووەو کێشەکەش کاتییەو بە زووبی چارەسەر دەکرێت و چەندین ڕێگا گیراوەتەبەر تا کێشەکە چارەسەر بکرێت و چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و خاوەنی کارگە ئەهلیەکانی غاز سازکردووەو تا چارەسەری کێشەکە بکەین و جەختمان لەسەر نرخەکەش کردو باسی ئەوەشمان کرد کە هەرکەسێک نرخی غاز لە 7هەزارو 500 دینار زیاتر بدات ئەوا سزا دەدرێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردووەدا 7کەسمان لەسەر گرانکردنی نرخی غاز دەستگیر کردووەو هەوڵ دەدەین تا سەری مانگ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و کێشەکە کاتییەو بەدواداچوونی تەواومان کردووەو لەوەرزی زستاندا پێداویستیەکی گرنگی وەکو غاز زیاتر خواستی لەسەر هەیەو شاری هەولێر پێویستی بە 400تۆن غاز هەیە، لەوەرزی هاوینیش پێویستی بە 250 تۆن غازی شل هەیەو لە ئێستا هاوواڵتیان زیاتر غاز بۆ خۆ گەرمکردنەوە بەکار دێنن و خواست لەسەر غاز زۆربووەو لیژنەکانی قایمقامیەتیش بە وردی چاودێری بازاڕ دەکەن سەبارەت بە نرخەکەی.

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر:

نرخی غازی حکومی گران نەبووە
دواتر ئەندازیار بەختیار عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر ڕوونیکردەوە: نرخی غاز گران نەبووەو نرخەکەی 7هەزارو 500دینارەو خواست لەسەر غاز زیادی کردووە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی دیکە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت و زۆری خواست لەسەر غاز وای کردووە کە نرخی غاز هەڵبەزو دابەز بکات و هاتنی سەرماو سۆڵەی زستان بازاڕی غازی گەرم کردووە، جگەلەوەش ژمارەیەکی زۆری ئوتومبێل سیستەمی سووتەمەنیان کردۆتە غازو ژمارەیەکیش لە هاوواڵتیان غاز لە بری نەوت و کارەبا بەکار دێنن.

دواتر ئەوەشی گوت: کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار غازی هەموو کوردستان دابین دەکات و ڕۆژانە تەنها 220تۆن غاز دابەش دەکات، ئەگەرچی پێویستی ڕۆژانە 400تۆنە و بڕیاریش وایە دوای سەری مانگی داهاتوو کۆمپانیایەکی دیکە بەناوی سۆر گاز، غاز بۆ کوردستان دابین بکات و ڕێکەوتنی لەگەڵدا کراوەو تەنیا غازی بازرگانی گران بووەو ئەوەش پەیوەندی بە غازی حکومییەوە نییەو ژمارەی مۆبایلی سکالاش لەسەر ئوتومبێلەکانی غازی حکومی هەیەو هەر هاوواڵتیەکیش گلەیی هەبوو ئەوا دەتوانێ پەیوەندی بە ژمارەی مۆبایلی سەر دەرگای ئوتومبیلەکانی غاز بکات.

1. The Government of Republic of Iraq has received a loan from Japan International Cooperation Agency (JICA) towards the cost of "Water Supply Improvement Project in Kurdistan Region (II). It is intended that part of the proceeds of this loan will be applied to eligible payments under the Contract for "**Package 4**: **Rehabilitation of Distribution Network, Upgrading Transmission System and Installation of Drainage Pipe in Halabja and Transmission Pipe in Sulaymaniya** ".

2. Bidding will be conducted through procedures in accordance with the applicable Guidelines for Procurement under Japanese ODA Loans, and is open to all Bidders from eligible source countries, as defined in the Loan Agreement.

3. The **General Directorate for Water and Sewerage, Ministry of Municipality and Tourism, Kurdistan Regional Government – Iraq** ("the Employer") now invites sealed Bids from eligible Bidders for the construction and completion of Package **4** "Rehabilitation of Distribution Network, Upgrading Transmission System and Installation of Drainage Pipe in Halabja and Transmission Pipe in Sulaymaniya " ("the Works") making part of the **"Water Supply Improvement Project in Kurdistan Region (II)".**
More details on the services are provided in the Scope of Works.

Package 4 is composed of the following lots:
Lot1: Installation of Tasluja Transmission Line in Sulaymaniya
This lot comprises the supply and installation of a Helical submerged arc welded (HSAW) carbon steel pipe Dia. = 600mm – length = 17,000 m, internally and externally protected
Lot2: Rehabilitation of Distribution Network, Upgrading Transmission System and Installation of Drainage Pipe in Halbaja.
This lot comprises the following parts:
Lot 2-a: Rehabilitation of Distribution Network in Halabja which includes supply and installation of the following HDPE pipes lengths and sizes:

- HDPE Pipe Dia. = 225mm – length = 1,300 m
- HDPE Pipe Dia. = 180mm – length = 4,700 m
- HDPE Pipe Dia. = 125mm – length = 25 m
- HDPE Pipe Dia. = 90mm – length = 160 m

Lo2-b: Construction of extending overflow and drainage pipe of about 3 km 600 mm corrugated HDPE pipe from Halabja Water treatment plant to the river
Lot2-c: Upgrading transmission line in Halabja which comprises supply and installation of 4 Nos. flow control valves and providing and installation of 4 Nos. standby solar power supply to feed the existing RTUs at (WTS1, WTS2, WTS3 and WTS4) between NDR2 and Sirwan.
4. Interested eligible Bidders may obtain further information from and inspect the Bidding Documents at the office of Project Management Team of **General Directorate for Water and Sewerage, Ministry of Municipality and Tourism, Kurdistan Regional Government –Erbil/ Iraq**
Mailing address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region – Iraq
E-mail: masood.karrash@watsan-krg.krd ; masoodkarrash@gmail.com
ismail.ibrahim@watsan-krg.krd ; ismail.ibrahim@hotmail.com
5. A complete set of bidding documents may be purchased by interested bidders on the submission of a written application to the address above and upon payment of a non-refundable fees of **USD 500 (five hundred US Dollars)**.
6. The provisions in the Instructions to Bidders and in the General Conditions of Contract are the provisions of the Standard Bidding Documents under Japanese ODA Loans for the Procurement of Small Works.
7. Bids must be delivered to address above on or before 11:30 am (Iraq Local Time) on 15 of March 2020 and must be accompanied by a security of (**USD 120,000) "One hundred twenty thousand United States Dollars".**
8. Bids will be opened in the presence of Bidders' representatives who choose to attend at 11:30 am (Iraq Local Time) of 15 of March 2020 at the offices of General Directorate for Water and Sewerage Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region –Iraq.

General Directorate for Water and Sewerage,
Masood Mohammed Jirjees, Director General, PMT Director
Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region –Iraq
Phone : +964-7504495198,
E-mail: masood.karrash@watsan-krg.krd, masoodkarrash@gmail.com

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٣/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٢/٢٤
بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلهاتوو: حمە صدیق محمد أمین لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە بەپاشملە دادگایی دەکرێیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٩٢/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٢٣/١٨
بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباراني هەلهاتوو: ١- مجید عبدالله اسماعیل ٢- سالم عبدالله اسماعیل ٣- بختیار سالم رحیم لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٢٢) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە بەپاشملە دادگایی دەکرێیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٠٣٠/ب/٢٠١٨
٧/داناانا دەستەسەریێ /٢٠١٩
رێکەفت/٢٠١٩/١٢/١٥
ئاکەهداری
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەهـا بەرایی دهـوك ژمـارە ١٠٣٠/ب/٢٠١٨ رێکەفتی ٢٠١٩/٦/٩ یـا پێـك هاتـی ژ نەهێلانـا هەفپشکیێ ل سەر پارچە زەڤیێن ژمارە(٥ و٦ و٩ و١٠ و١١ و١٢ و١٣ و١٩ و٢٠ و٢١ و٢٣ و٢٤ و٢٥ و٢٨ و٣٣ و٤١ و٤٤ و٤٩ و٥٨ و٦٠ و٨٦ و٨٨ و٨٩ و٩١ و٩٣ و١٠١ و١٠٢ و١٠٣) کەرتـی ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا ل دویـف وان سـالوخەتین خـواریّ دیارکـری ئـەف دادگەهـە ئاشـکرا دکـەت بـو فروتنـا پارچـە زەڤیێن نافبـری ل سـەر ئیـك زێدەکرنـا ئاشـکرا بـو مـاوێ سـیە رۆژا ژ رۆژا دوماهیـك بەلافکرنـێ وهـەر کەسـێ حـەزا کرینـێ هەبیـت سـەردانا ئـێ دادگەهـێ بکـەت رۆژا سـیهێ ل دەمژمێـر (١٢)ی نیڤـرو دگـەل دا هەبیـت دلنیایـا یاسـایی ژ رێـژا ١٠٪ ژ بهایـێ هـەر پارچـە زەفیەکـی ئەگـەر نـە هەفپشـك بیـت بـو زانیـن دانـا پـارەی وکرییـا رێخۆشـکەری ل سـەر بکریـە وئەگـەر رۆژا ناڤبـری بێنڤەدانـێ بـو رۆژا پشـتی وێ دێ بیتـە رۆژا سـەر ئیـك زێدەکرنـێ
سالوخەت :
١- پارچـا ژمـارە(٥) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٨١) دونـم و(٥) اولـك و(٢٥)م٢ بهایـێ وێ (٢٤٣٦٣٠٠٠٠٠) دوو ملیـار وچـار سـەد وسـیە وشـەش ملیـون وسـێ سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (تسـقی مطـرا) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٢- پارچـا ژمـارە(٦) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٢) دونـم و(١٠) اولـك بهایـێ وێ (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سـەد وچـل وچـار ملیـون دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـاتن کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٣- پارچـا ژمـارە(٩) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٨) دونـم و(٥٥) م٢ بهایـێ وێ (٣٣٦٩٢٤٠٠٠) سـێ سـەد وسـیە وشـەش ملیـون ونـەە سـەد وبیسـت وچـار هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٤- پارچـا ژمـارە(١٠) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (١٠) دونـم و(١٨) اولـك بهایـێ وێ (٢٠٥٩٢٠٠٠٠) دوو سـەد وپێنـج ملیـون ونـەە سـەد وبیسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (تسـقی مگـراً) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٥- پارچـا ژمـارە(١١) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٣) دونـم و(٤) اولـك بهایـێ وێ (٣٧٩٢٠٠٠٠) سـیە وحەفـت ملیـون ونـەە سـەد وبیسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەبـا نینـن
١١- پارچـا ژمـارە(٢٣) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (١) دونـم و(٤) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (٥٦٤٠٠٠٠٠٠) پێنجـی وشـەش ملیـون وشـەش سـەد وچـل هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
١٠- پارچـا ژمـارە(٢١) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٦) دونـم و(١)اولك بهایـێ وێ (٢٨٩٩٢٠) دوو سـەد وهەشـتێ ونـەە ملیـون ونـەە سـەد وبیسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وهنـدەك دارێـن کێـم یێـن لـێ هەیـن وجـادە پرتـەکا وێ دبوریـت وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
١٢- پارچـا ژمـارە(٢٤) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٨) دونـم و(٩) اولـك بهایـێ وێ (٢٦٧٥٢٠٠٠٠) دوو سـەد وشێسـت وحەفـت ملیـون وپێنـج سـەد وبیسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
١٣- پارچـا ژمـارە(٢٥) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٨) دونـم و(٢) اولـك بهایـێ وێ (٢٤٢٤٠٠٠٠٠) دوو سـەد وچـل ودوو ملیـون وچـار سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
١٤- پارچـا ژمـارە(٢٨) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٩) دونـم و(٢١) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (٢٩٥٨٠٠٠٠٠) دوو سـەد ونـوت وپێنـج ملیـون وهەشـت سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ چاندیـە هنـدەك دارێـن کێـم وکەڤـن یێـن باهیڤـا ودکەڤیتـە ل سـەر جـادا گونـدی وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
١٥- پارچـا ژمـارە(٣٣) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٣) دونـم و(٢١) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (١١٥٨٠٠٠٠٠) سـەد وپـازدە ملیـون وهەشـت سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا ودکەڤیتـە سـەر جـادا گونـدی وهنـدەك دارێـت کێـم یێـن باهیڤـا یـێ لـێ هەیـن وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
١٦- پارچـا ژمـارە(٤١) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٢) دونـم و(٢٠) اولـك بهایـێ وێ (٦٧٢٠٠٠٠٠) شێسـت وحەفـت ملیـون ودوو سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (تسـقی مطـرا) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وپرتـەکا کێـم زسـتانا بـن ئـاف دبیـت وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
١٧- پارچـا ژمـارە(٤٤) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٧) دونـم و(١٧) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (١٧٥٥٦٠٠٠٠) سـەد وحەفتـێ وپێنـج ملیـون وپێنـج سـەد وشێسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (تسـقی مطـرا) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
١٨- پارچـا ژمـارە(٤٩) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (١٥) دونـم و(١٠) اولـك بهایـێ وێ (٤٦٢٠٠٠٠٠٠) چـار سـەد وشێسـت ودوو ملیـون دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
١٩- پارچـا ژمـارە(٥٨) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٤) دونـم و(١٠) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (١٣٢٦٠٠٠٠٠) سـەد وسـیە ودوو ملیـون وشـەش سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا ل سـەر جادااگونـدی وهنـدەك دارێـن فێقـی یێـن لـێ هەیـن وپرتـەکا باخچـەی دکەڤیتـێ وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
٢٠- پارچـا ژمـارە(٦٠) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٦) دونـم و(١٠) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (١٩٢٦٠٠٠٠٠) سـەد ونـوت دوو ملیـون وشـەش سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا ول سـەر جـادا سـەرەکی وچاندیـە هنـدەك دارێـن فێقـی وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
٢١- پارچـا ژمـارە(٨٦) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٣) دونـم و(١٠) اولـك و(٢٥)م٢ بهایـێ وێ (١٢٢٧٦٠٠٠٠) سـەد وبیسـت ودوو ملیـون وحەفـت سـەد وشێسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٢٢- پارچـا ژمـارە(٨٨) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٥) دونـم و(٧) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (١٥٩٠٠٠٠٠٠) سـەد وپێنجـی ونـەە ملیـون دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وپرتـەکا کێـم زسـتانا بـن ئـاف دبیـت وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٢٣- پارچـا ژمـارە(٨٩) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٧) دونـم و(٤) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (٣٠١٥٦٠٠٠٠) سـێ سـەد وئێـك ملیـون وپێنـج سـەد وشێسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٢٤- پارچـا ژمـارە(٩١) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (١٢) دونـم و(٩) اولـك و(٧٥)م٢ بهایـێ وێ (٢٦٧٦٢٤٠٠٠) دوو سـەد وشێسـت وحەفـت ملیـون وشـەش سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وهنـدەك دارێـت کێـم یێـن باهیڤـا ڤ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٢٥- پارچـا ژمـارە(٩٣) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٦) دونـم و(١٤) اولـك بهایـێ وێ (٢٧٥٥٢٠٠٠٠) دوو سـەد وحەفتـێ وپێنـج ملیـون وپێنـج سـەد وبیسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا وێـێ ڤالایـە ژ ئاڤاکـرن وجاندنـێ وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب وجـادە نینـن
٢٦- پارچـا ژمـارە(١٠١) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٩) دونـم و(١٩) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (٢٩٣٤٠٠٠٠٠) دوو سـەد ونـوت وسـێ ملیـون وچـار سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا ول سـەر جـادا سـەرەکی وچاندیـە هنـدەك دارێـن فێقـی وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
٢٧- پارچـا ژمـارە(١٠٢) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (١١) دونـم و(٢٢) اولـك بهایـێ وێ (٨٥٥٣٦٠٠٠٠) هەشـت سـەد وپێنجـی وپێنـج ملیـون وسـێ سـەد وشێسـت هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (تسـقی مطـرا) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا ول سـەر جـادا سـەرەکی وچاندیـە هنـدەك دارا وئاڤاهیـەك ل سـەر هاتیـە ئاڤاکـرن بـوو خارنگـەە وکافـی وپـێ کهاتییـن وێ وئـەڤ بهایـە یـێ ئـەردی بتنـێ یـە وخزمـەت گوزاریێـن ئاڤـێ نینـن
٢٨- پارچـا ژمـارە(١٠٣) کەرتـێ ٩٨ کرمـاوە سـعید اغـا رویبـەرێ وێ (٧) دونـم و(٢٢) اولـك و(٥٠)م٢ بهایـێ وێ (٣٧٩٢٠٠٠٠٠) سـێ سـەد وحەفتـێ ونـەە ملیـون وددوو سـەد هـزار دینـار پارچـە زەڤی ئەردەکـێ کشـتوکالیە رەگـەز (بسـتان کـرم دیمـی) دکەڤیتـە گونـدێ گەرمافـا ول سـەر جـادا سـەرەکی وچاندیـە هنـدەك دارێـن لـێ هەیـین وخزمـەت گوزاریێـن ئـاف وکارەب نینـن
القاضی/ ریبوار محمد حسن
* * *

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: HSE Superintendent

LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: The HSE Superintendent will supervise the field HSE Team including Operations, Projects and Drilling. The position will align the HSE processes across the various departments and identify improvements throughout the safety management system.

KEY RESPONSIBILITIES

- Support the HSSE Manager in the development and administration of HSSE strategies and provide leadership and assurance of the Safety Management System.
- Assist incident owners or lead investigations including Root Cause Analysis. Managing effective corrective actions and communicating lessons learned.
- Support supply chain with the improvement of Contractor Management.
- Fully conversant with HSSE documentation writing and leading procedural reviews, provide guidance and support in the development of TAQA Standards and Procedures.
- Ensure operations within TAQA Atrush are within legislative HSE requirements and expectations.
- Improving audit and inspection processes, safety culture and Commitment to Operational Excellence.
- Signatory Authority for PTW including leading or supporting Risk Assessments.
- **QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED**
- Accredited Degree Level HSE Qualification or Equivalent
- 10 years HSE experience in relevant Oil & Gas with strong Operations background.
- Minimum of 5 years experience in supervising small HSE teams.
- OSHA 18001/45001 and HSE management systems.
- Safety document writing and management.
- Very good English language skills spoken and written

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Mechanical Supervisor

LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: will exhibit leadership, supervisory and safety behaviors and will specifically ensure that all aspects of Mechanical Maintenance are carried out safely. He is responsible for the effectiveness and competence of the mechanical team under his supervision.

KEY RESPONSIBILITIES

- Start up, Operate, Monitor and Shut Down wells, process and utility systems
- Promote safety awareness and application of company MS System, COPs and prime policies.
- Use correct procedures and correct method of dismantling
- Carry out test runs on equipment by agreement with Operations
- Clearly record any checks and actions taken in work history/log
- Obtain accurate readings and record in database
- Identify and halt unplanned discharges where possible, and reported immediately according to MS Procedures
- Equipment, waste or other materials for disposal are dealt with according to the correct procedure
- Carry out Emergency Response role
- Monitor and Record the status of all ESD, Fire and Gas Process Control Safety Defeat Overrides, ensuring compliance with guidelines and removal at earliest opportunity

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- HNC/HND or technical school equivalent in Mechanical Engineering preferred
- Minimum 3-5 years of experience of which 2 must be at supervisor level
- Extensive experience required with rotating equipment such as pumps, turbines and compressors. Hands on experience required with repairing mechanical, seals valves, PSV's and with all utility equipment associated with oil and gas operations
- Supervisory experience of Permit to Work, Mechanical/Electrical Isolation Standards and Risk Assessment
- Very good English language skills spoken and written

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

www.xebat.net
ژمارە (5920) 2020/1/28 ساڵی شەشەم

تەرەمپ و پلانی ئاشتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

سەرۆکی حزبی (شین و سپی) بینی جانتس بۆ تاوتۆکردنی پلانی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، داوەتنامەی دۆنالد تەرەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای قەبوڵ کردووە و سەرەتای هەفتەی داهاتوو دەچێتە واشنتۆن.بینی جانتس کە رکابەری سەرەکی بنیامێن ناتانیاهۆیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئیسرائیل کە چاوەڕوان دەکرێت لە مانگی ئاداری داهاتوو ئەنجام بدرێت، هەر لەو چوارچێوەیەدا وابڕیارە بنیامێن ناتانیاهۆی بۆ دیداری تەرەمپ بچێتە واشنتۆن.

لە بەرانبەریشدا سەرکردەکانی فەلەستین هۆشداریان داوە لە هەر رێککەوتنێک کە بەبێ ئەوانەوە بێتە ئاراوە .جێی باسە ، دۆنالد تەرەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داوەتنامەی ئاڕاستەی هەرێمەکە لە بنیامێن ناتانیاهۆ و بینی جانتس کردووە بۆ ئەوەی سەردانی واشنتۆن بکەن و ئاشنایان بکات بەو پلانی ئاشتییەی کە ماوەیەکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەی کردووە.بۆ بیرهێناوە ئەوە سێیەم جارە لە ماوەی ساڵێکدا پلانی ئاشتیی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئەمەریکاوە ئامادەدەکرێت.چاودێران و لێکۆڵەرەوە سیاسییەکانی پێیانوایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان پاڵپشتیی بنیامێن ناتانیاهۆی سەرۆکی حزبی لیکودی راستڕۆ دەکات کە هاوپەیمانێکی بەهێزی سەرۆک تەرەمپە و زۆرترین ماوەیە حکومەتی ئیسرائیلی بەدەستەوەیە.جێی زانینە بینی جانتس پێشتر سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل بووە ، چاودێران گومانیان هەبوو کە جانتس داوەتنامەکەی سەرۆک تەرەمپ قەبول بکات و بچێتە واشنتۆن بەڵام دواتر ئیوارەی شەممە گوتی لە پەیوەندیی بەردەوام دایە لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی و داوەتنامەکەی سەرۆک تەرەمپی قەبوڵ کردووە و شەممەی داهاتوو دەچێتە واشنتۆن.جانتس لە لێدوانێکی تۆمارکراودا ئاشکرای کرد، ئێستا کاتێکی چارەنوسسازە بۆ دیاریکردنی سنور و کیانی دەوڵەتی ئیسرائیل و پێکهاتە دیموکراسییەکەی . گوتیشی ئەو پلانەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرۆک تەرەمپ دایڕشتووە پلانێکی میژوویی دەبێت چونکە دەبێتە نیشانەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان دوولایەنی جیاواز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتریش بەرەو رێککەوتننامەیەکی میژوویمان دەبات لە ناوچەکە.هەر لەو چوارچێوەدا بنیامێن ناتانیاهۆ رۆژی شەممە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک تەرەمپی بە هەڵێکی میژوویی لە قەڵەم دا و گوتیشی دووبارە نابێتەوە.

ڕەهەندە سیاسییەکان

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو چەند جارێک راگەیاندنی پلانەکەی تەرەمپ بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆتایی پێهێنانی کێشە و ململانێکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دواخرا.

تاکو ئێستا لایەنە سیاسییەکەی پلانەکەی تەرەمپ ئاشکرا نەکراوە بەڵام لایەنە ئابووریەکەی لەلایەن گارید کۆشنەری راوێژکاری تەرەمپ ئاشکرا کراوە کە پلانێکی وەبەرهێنان لەخۆ دەگرێت کە بایی 50ملیار دۆلار دەبێت.سەرچاوەیەکی ئاگەدار لە پلانەکە گوتی، خستنەڕووی پلانەکە بۆ هەریەک لە ناتانیاهۆی و جانتس بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کە گوایە سەرۆک دۆنالد تەرەمپ یەکێک لەو دوو کاندیدەی لا باشتر بێت.جێی باسە ساڵی 2014 دانوستانەکانی ئاشتیی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینەکان شکستی هێنا ، هاوکات فەلەستینەکان پلانەکەی تەرەمپیان بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتیی ناوەڕاست بەوە لە قەڵەم دەدەن کە پێش ئەوەی لە دایک بێت و رابگەیەنرێت مردووە . سەرکردایەتی فەلەستین رایانگەیاندووە کە بۆ ئەو مەبەستە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ دۆنالڵ تەرەمپ نەبووە .دوای ئەوەی بینی جانتس داوەتنامەکەی سەرۆک تەرەمپی قەبوڵ کرد، واسل ئەبو سەیف ،ئەندامی لیژنەی تەنفیزی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین گوتی، حزبی شین و سپی " و حزبی لیکودی ڕاستڕۆ دوو ڕووی یەک دراون . هەروەها ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حزبەکانی ئیسرائیلدا هەیە کە بەشدارن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئیسرائیل.ئەبوسەیف لە لێدوانێکدا لە رامەڵڵاوە گوتی، بەهیچ شێوەیەک بەو سەفقەیە رازی نابین کە بە سەفقەی سەدە ناسراوە، هاوکات هیچ هێزێک نییە لەسەر زەوی بتوانێت فەلەستینییەکانی ناچار بکات نەرمی بنوێنن لە هەمبەر مافی چەسپاوی خۆیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی سەربەخۆکە پایتەختەکەی قودس بێت.هەر لەو ڕووەوە سەرۆکی دەسەڵاتیی فەلەستینی مەحمود عەباس رایگەیاند ناکرێت ئیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ناڤبەرێکی ئەمین دابنرێت چونکە بۆ لایەنی ئیسرائیلی خوار دەکاتەوە .ئەو لێدوانەی عەباس دوای ئەوە هات، کە بڕیارەکانی تەرەمپ لە بەرژەوەندی ئیسرائیل شکایەوە و بووە مایەی نیگەرانی فەلەستینییەکان . لە نێو ئەو بڕیارانەشدان دانپێنان بە قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس و ڕاگرتنی هاوکاریەکان بۆ فەلەستینییەکان کە بە بەهای ملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکران .

مانشێت



سکای نیوز:
لە باشووری ڕۆژهەڵاتی چین و لە ئەنجامی بارینی بارانێکی زۆر و لافاودا 46 کەس گیانیان لەدەست دا و 25 هەزار کەسیش شوێنی نیشتەجێبوونیان چۆل کرد.



ئەی ئێف پی:
ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین بۆ 80 کەس بەرز بووەوە.



ئیلاف:
ئادەم شیفی سیناتۆری دیموکرات کە سەرپەرشتی هەڵمەتی دووڕخستنەوەی تەرەمپ دەکات ڕایگەیاند کە تەرەمپ هەڕەشەی لێ دەکات.



ڕۆیتەرز:
لە نەخۆشخانەیەکی گشتی هۆنگ کۆنگ تەقینەوەیەک ڕوویدا و زیانێکی مادی زۆری بە بالەخانەکە گەیاند.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بڕیار وایە ڕۆژی هەینی داهاتوو بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەرەوە.




کەنالی ئار تی:
ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور ڕایگەیاند کە 184 پەنابەر لە دەریای سپی ناوەڕاست ڕازگار کراون.

کاریکاتێر





وێنەی پەتاتەی تەندروست



وێنەی پەتاتەی تووش بوو

مەترسی پەتاتە بۆ تەندروستی مرۆڤ

وەنەوشەییە نیشانەی ئەوەیە کە بڕێکی زۆر توخمی مەگنسیۆم تێدایە ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە سەلکە پەتاتەکە ژەهراوییە و مەترسیدارە ئەگەر بخورێت. بەڵام ئەگەر پەڵەیەکی سەوزمان بینی لەسەر توێکڵی پەتاتەکە یان لەنێو پەتاتەکەدا ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئاستی بەرزی (سۆلانین) دەگەڕێتەوە ئەو پێکهاتەیەش لە ئامادەکردنی ژەهری قرتێنەرەکاندا بەکاردێت، بۆیە پێویستە زۆر ئاگادار بین ئەگەر هەریەک لەو دوو ڕەنگەمان بینی لەنێو سەلکە پەتاتەدا ئەوا ڕاستەوخۆ فڕێی دەدەین و بەکاری ناهێنین.



زەیتوونی سپی

درەختی زەیتوونی سپی (olea leucocarpa) جۆرێکی کۆن و دەگمەنە، ناوەڕاست و باشووری ئیتالیا بەتایبەتی لە ناوچەی (تۆسکانا) بە شوێنی ڕەسەنی زەیتونی سپی دادەندرێت، درەختێکی بەهێزە شێوەیەکی جوانی هەیە و گەڵاکانی قەشەنگن و بەرەکەشی لەکاتی پێگەیشتندا سپییە. بەرهەمی ئەم درەختە ناگۆڕێت بۆ ڕەنگی ڕەش چونکە بۆیەی (ئەنسۆسیانین)ی تێدا نییە. درەختی زەیتونی سپی یەکێکە لە جۆرە کۆنەکان کە بەرهەمی مام ناوەندیە و کاتی گوڵکردنی لە مانگی نیسانەوە دەستپێدەکات تا مانگی حوزەیران بەرەکەی لە مانگی حوزەیران دەست بە دروستبوون دەکات کە شێوە هێلکەیە و کرۆکەکەی کەمە. ئەو زەیتەی کە لە بەری زەیتونی سپی دەردەهێنرێت ڕەنگەکەی کراوەیە، لە ئیتاڵیا بەتایبەتی لە ناوچەی (تۆسکانا) زەیتی زەیتوونی سپی لە بۆنە ئاینیەکاندا بەکاردەهێنن. درەختی زەیتوونی سپی ئارەزووی ئەو ناوچانە دەکات کە تیشکی خۆریان زۆرە و خاکیان ئاو ڕاناگرێت، لەهەمانکاتدا بەرگەی پلەی گەرمی نزم دەگرێت تا پلەی 10- بۆ 15. لەناوچە زۆر ساردەکاندا پێویستە نایلۆنی (مالچ) بەکاربێت بۆ ڕووپۆشکردنی خاک یان دار زەیتونەکە لەنێو ئینجانەدا بچێنرێت، چونکە درەختی زەیتوونی سپی دەتوانێت خۆی لەگەڵ چاندنی نێو ئینجانەدا بگونجێنێت، بەڵام پێویستە ئینجانەیەکی گەورە دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی گەشەی ڕەگەکان باش بێت و لەشوێنێکی بەر خۆردا کە تەوژمی بای لێنەدات دابنرێت .

چارەسەری کەمی ڤیتامین و توخمەکان لە جەستەدا



ڤیتامین و توخمە خۆراکییەکان زۆر گرنگن بۆ جەستە، لە کاتی کەمبوونیاندا جەستە تووشی ماندیبوونی بەردەوام و لاوازی و گرژی ماسولکەکان و بێهێزی دەمارەکان و پەڵەی شین لەسەر قاچ و ئەژنۆ دەبێتەوە.

کۆمەڵەی خۆراکی ئەڵمانیا ئامۆژگاری دەکەن لە کاتی سەرهەڵدانی یەکێ لەم نیشانانە پێویستە 5جار لە ڕۆژێکدا سەوزە و میوە بخورێت، بە بڕی 400 گرام سەوزە و 250 گرام میوە.

ڕوونیشی کردەوە کە میوە و سەوزە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین و توخمەکان، بۆ نموونە هەر یەک لە مۆز و بڕۆکۆڵی و سپێناخ، پۆتاسیۆم و مەگنیسیۆم و کالیسیۆمیان تێدایە کە توخمی گرنگن بۆ ڕێگاگرتن لە گرژبوونەوەی ماسولکەکان.

دەمارەکانیش پێویستیان بە ڤیتامین B هەیە کە مۆز و بڕۆکۆڵی وئەڤۆکادۆ و کەلەرەم و سپێناخ و بەزالیا بە سەرچاوەی ئەم ڤیتامینە دادەندرێن.

بۆ ڕێگاگرتن لە سەرهەڵدانی پەڵەی شین پێویستە ئەو سەوزە و میوانە بخورێت کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین K، وەک بڕۆکۆڵی و کەلەرەم و سپێناخ.

بۆ بەرەنگار بوونەوەی ماندیبوون و شەکەتی و کەمی تەرکیزکردن، جەستە پێویستی بە ئاسن هەیە کە سەرچاوەکەی توو و کیوی و مۆز و سپێناخ و تەماتە و قارچکە.

بۆ چالاککردنی کرداری هەرسکردن پێویستە ئەو خۆراکانە بخورێت کە دەوڵەمەندن بە ریشاڵی خۆراکی وەک گێزەر و پەتاتە و کەلەرم و سێو.

ڕووەک پێویستیی بە پەینی هاوسەنگە

ڕووەک وەک مرۆڤ وایە پێویستی بە خۆراکێکی هاوسەنگ هەیە، تەنها یەک جۆر خۆراک هۆکارە بۆ ئەوەی لە کۆتایدا بێهێز و کەم بەرهەم بێت بە تایبەتیش کە ڕووەک لە شوێن خۆیدا جێگیرە و چەسپاوە و توانای گواستنەوەی لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکەی نیە بۆ گەڕان بەدوای ئەو تۆخمانەی پێویستی پێیان هەیە، بۆیە پێویستە خۆراکی پێویستی بۆ دابین بکرێت لەو ژینگەیەی تێدا گەشەدەکات و دەژیت.

تۆخمی نایترۆجین بە هاندەر و هەرسوڕاوی بنەڕەتی ڕووەک دادەندرێت، زۆر جار دوای زیاد کردنی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕووەک دەردەکەوێت و لقوپۆپە تازەکان ڕەنگییان سەوزێکی تۆخ دەبێت و ڕووەکێکی بەهێز دەردەکەوێت، بەڵام زیاد بەکارهێنانی نایترۆجین بە تایبەتی بۆ دانەوێڵە وەک چەلتووک دەبێتە هۆی کەوتنی ڕووەکەکە و هاندەرە بۆ گەشەکردنی گژوگیا و هەستیاری بۆ توشبوون بە نەخۆشییەکان زیاد دەکات و لە کۆتایی وەرزدا بەرهەم کەم دەبێت، وێڕای ئەوەی بڕێکی زۆری بە فیڕۆ دەڕوات، لە هەمانکاتدا هۆکارێکە بۆ پیسبوونی ژینگە.

تۆپژینەوەکان سەلماندویانە بەکارهێنانی تۆخمی نایترۆجین لە کاتێکدا کە هەردوو پەینکردنی ناهاوسەنگ بە تۆخمی نایترۆجین بە یەکێ لە کردارە هەڵەکانی کشتوکاڵ دادەندرێت و بە باش نازاندرێت. پێویستە بەکارهێنانی پەین لە لایان جوتیارانەوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بێت و هەوڵ بدرێت PH خاک بپاڕێزرێت لە ئاستی نموونەیی دا. ئەگەر توخمە گەورە و بچووکەکان لە ڕادەیەکی دیاریکراو کەمتر بوون لەو کاتەدا جۆری بەرهەم زۆر باش و پەسند نابێت. هەرگیز توخمێکی خۆراکی شوین توخمێکی دیکە ناگرێتەوە لە نێو ڕووەکدا. بۆ گەیشتن بە بەڕێوەبردنێکی کێڵگەیی باش پێویستە هەر یەک لە توخمەکانی نایترۆجین و فۆسفۆر و پۆتاس و توخمە خۆراکییەکانی دیکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەکاربێت بە لەبەرچاوگرتنی بەپیتی خاک و پێویستی ڕووەک بۆ توخمە خۆراکییەکان و جۆر و بڕی بەرهەمی چاوەڕوانکراو.

شارەزایان بە باشی دەزانن پەینە ئاوێتەکان بەکار بێت چونکە توخمەکانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ تێدایە.

توخمی فۆسفۆر و پۆتاس کەم دەبێت هۆکارە بۆ ئەوەی ڕووەکەکە نایترۆجینەکە نەمژێت، بەڵام زیاد بوونی ڕێژەی نایترۆجین بە بەردەستبوونی فۆسفۆر و پۆتاس بە بڕی پێویست بۆ ڕووەک مژینی نایترۆجین لە لایان ڕووەکەوە پتر دەکات و سوودی زیاتری لێ دەبینێت.

خواردنی گوێز بەسوودە بۆ دڵ و ریخۆڵەکان



زانایانی زانکۆی (بنسلڤانیا)ی ئەمریکی ئاشکرایانکرد: ڕۆژانە خواردنی گوێز ژمارەی بەکتریا بەسوودەکانی ڕێخۆڵە زیاد دەکات و دروستی دڵ باشتر دەکات.

گۆڤاری (Nutrition) ڕایگەیاند: پێشتر زاناکان گەیشتبوونە ئەم ڕاستییەی کە ڕەچاوکردنی سیستەمێکی خۆراکی گوێزی تێدابێت کە چەوری تێری کەمە هۆکارە بۆ دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵ و پەستانی خوێن، بەوەش تەندروستی دڵ باشتر دەکات.

زانایانی زانکۆی (بنسلڤانیا) ئەو لێکۆڵینەوەیان تەرخانکرد بۆ زانینی کاریگەری گوێز لەسەر کارکردنی کۆئەندامی هەرس، بۆ ئەمەش 42 خۆبەخشیان هەڵبژارد کە کێشەی کێشی زیادیان هەبوو و تەمەنیان لە نێوان 65-30 ساڵ بوو. پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەکە بەشدارببوون هەمان خۆراکی ئەو ئەمەریکیانیان دەخوارد کە ئاستی ژیانیان مامناوەندییە، پاشان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ 3کۆمەڵە دابەشکران. ڕۆنی تێر بۆ گوێز یان ڕۆنی ڕووەکی گۆڕدرا لە سیستەمی خۆراکی هەر سێ کۆمەڵە. سیستەمی خۆراکی کۆمەڵەی یەکەم تەنها گوێز بوو و سیستەمی خۆراکی کۆمەڵەی دووەم ترشی ئەلفا لینۆلینک (ALA) کە لە گوێز و ترشە ئەمینییە ناتێرەکاندا هەیە، کۆمەڵەی سێیەم گوێزی تێدا نەبوو، بەڵام ALAو ترشە چەوریییەکی دیکەی تێدابوو کە ترشی ئۆلیکە.

ئەنجامی شیکردنەوەی نموونەکان کە لە پاشەڕۆی بەشداربووان وەرگیرا پێش 72 کاتژمێر لە سەرەتای تاقیکردنەوەکە کە 6 حەفتەی خایاند و بۆ 3 جار لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا، دەرکەوت: خواردنی ڕۆژانەی گوێز ژمارەی بەکتریا بەسوودەکانی نێو ریخۆڵەکان زیاد دەکات بە تایبەتی بەکتریای (Roseburia) کە پۆشاکی ناوەوەی ریخۆڵە دەپارێزێت، لەگەڵ بەکتریای (Eubacteria Eligens) کە کاریگەری لەسەر دابەزاندنی ئاستی پەستانی خوێن و کۆلیسترۆڵی زیانبەخش هەیە. زاناکان بینیان ئەو بەکتریانە زیاد ناکات لەو کەسانەی زیتی ڕووەکیان خواردبوو لە شیوێن گوێز. بۆیە شارەزایان لەو باوەڕدان خواردنی 80-50گرام گوێز لە ڕۆژێکدا کاریگەری ئەرێنی لەسەر کردارەکانی ریخۆڵە هەیە و مەترسیی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان کەم دەکاتەوە و تەندروستی جەستەی مرۆڤ باش دەکات.



سێ قوتابی پەروەردەی خەبات لەسەر ئاستی عێراق بوونە پاڵەوانی تایکواندۆ





ئا: کارزان کانەبی

لەمیانی یاریبیەکانی پاڵاوتن لە یاری تایکواندۆ کە ناوەندی یەکێتی تایکواندۆی عێراق بۆ تازپێگەیشتوان و گەنجان و پێشکەوتووان لە شاری بەغدا کە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی بەڕێوەی برد، 5قوتابی قەزای خەبات توانیان بگەنە یاریبیەکانی کۆتایی و پلەی یەکەم بەدەست بێنن، کە سێ لەو یاریزانانەی میدالیای زێڕیان بەدەستهێنا قوتابی قوتابخانەی چراخان و ئامادەیی کاکەیی بوون لە گوندی سفەیە.

یاریزانە سەرکەوتووەکان لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی یاریبیەکانیان و خەونیان بە بەدەست هێنانی پلەی یەکەم ئامادەیان بەوە کرد ئەوان وێڕای کەموکوڕی تواناکان و نەبوونی شوێن و ئامێری پێویست, کەچی ئەو بەربەستانە نەبووە هۆی سارد‌بوونەوەیان لە بەردەوامبوون و لە ئامێزکردنی ئامانجەکەیان... ئەوان گوتیان: ئێمە لەنێو ژینگە و سرووشتی گوندەکەمان لەدایکبووین و هەر ئاووهەوای ئەو سرووشتەشە کە دەمانگەیەنێتە لووتکەی سەرکەوتن و ناساندنی ناوی کوردستان و کورد بە دنیا. بڵند و دیلان و ئیما هەرێمی کوردستان، بەڵکو نوێنەری عێراقیش بۆ بەشداریکرن لە قارمانێتییەکی دیکەی نێودەوڵەتی یاری تایکواندۆ دەکەین کە لەمانگی سێی ئەمساڵ لە لوبنان بەڕێوەدەچێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەمەبەستی پیرۆزبایی لێکردن و دەستخۆشی لە قوتابیانی یەکەمی پاڵاوتنی یاری تایکواندۆ، مامۆستا مەعروف حەمەد سەعید بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات پێشوازی لە سێ لەو یاریزانانە کرد کە قوتابی سنووری پەروەردەکەن و ڕێز و سوپاسی پێشکەش کردن، ئەویش لەلایەن خۆیەوە پشتگیری تەواوی پەروەردەی خەباتی بۆیان دووپات کردەوە.

ن کە سێ قوتابی سنووری پەروەردەی خەباتن باسیان لەوەش کرد و گوتیان: ئێمە هەوڵی خۆمان دا و کۆششەکانمان گەیشتنە ئەنجام، ئێمە لە ئێستا لە یاری تایکواندۆدا نەک تەنها نوێنەرایەتی

مۆرگان بچووکترین یاریزانی ئەمەریکا

سولێن سلێمان

ئەلێکس مۆرگان کچە یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەمریکایە، کە لە ئێستادا لە هێلی هێرشبەری یانەی ئۆرلاندۆ یاری دەکات، مۆرگان لە ساڵی 1989 لە شاری دییامۆند لە دایک بووە، سەرەتا لەگەڵ قوتابخانەکەی یاریکردووە و دواتر چۆتە یانەی زانکۆی کالیفۆرنیا، و هەروەها زۆر یارمەتی یانەکەی داوە بۆ بەدەستهێنانی پاڵەوانێتی لە قوتابخانەکەی و زانکۆکەی.

ئەلێکس مەدالیای زێرینی بردۆتەوە لە ئۆلۆمپیادی لەندەنی 2012 وهەروەها خەڵاتی جامی جیهانی ئافرەتانی 2015بەدەستهێناوە، بچووکترین کچە یاریزانی تۆپی پێیە لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها زۆر یارمەتی هەڵبژاردەکەی داوە بۆ گەیشتن بە جامی جیهانی ئافرەتان.



ناوەندی باڵای دەشتی هەولێر ڕێز لە خەسرۆ ئەحمەد دەگرێت

خەبات: تریفە ئازاد

ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشیە خەسرۆ ئەحمەد ڕاهێنەری لەشجوانی کە وەک لاوێک و ڕاهێنەرێک لەسەر ئەرکی خۆی توانیویەتی لە سنورەکە خزمەت بە وەرزش بکات.

لەبارەی ئەو ڕێزلێنانەوە سەفین کاویس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی گوتی: ئێمە دەستی هەموو لاوێکی بەهرەمەند دەگرین کە ئەوانەی دەیانەوێت خزمەت بە چینی لاوان بکەن لە کۆمەڵگا و لە هەموو بوارەکان ,کاک خەسرۆش یەکێکە لەم لاوانەی کە جێگای دەستی دیارە لە پێگەیاندنی لاون لە یاریبەکانی لەشجوانی و ئامادە کردنیان بۆ بەشداری پێکردنیان لە پاڵەوانێتییەکانی ناوخۆ و دەرەوە.

لەخولی یانە نایابەکانی باڵەی عێراقدا:

پێشمەرگەی سلێمانی دووەم سەرکەوتنی تۆمار کرد و هەولێریش بە 3 گێمی بێ وەڵام لە جەیشی بردەوە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: عەلا ئەلساعدی

ئەمساڵ بەبڕیاری یەکیتی ناوەندی تۆپی باڵەی عێراق، خولی تۆپی باڵەی یانەکانی عێراق بۆ وەرزی 2019-2020 لەشاری هەولێر بەڕێوەدەچێت و ڕۆژانە یارییەکان لەکۆلێژی پەروەردەی وەرزشی هەولێر ئەنجام دەدرێت.

لەخولەکەدا 7 یانەی نایابی عێراق بەشداریان کردووە کەبریتین لەیانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی، هەولێر، شورتە، گازی باشوور،بەحری،دەعارە، جەیش، ڕۆژانەیش 3یاری ئەنجام دەدرێت .

سبەی چوارشەمە کاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆ لەیاریبەکی گرینگدا هەردوو یانەی هەولێر وگازی باکوور لەهۆڵی داخراوی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی هەولێر بەیەک دەگەن، هەروەها لەکاتژمێر 12ی نیوەڕۆ هەردوو یانەی دەغارە وبەحری ڕووبەرووی یەکتردەبنەوە.

ئەنجامی یاریبیەکانی ڕۆژانی شەممە ویەکشەممە بەمشێوەیە بوو:

جەیش 3گێم *دەغارە 1گێم

پێشمەرگەی سلێمانی 3گێم * شورتە 2گێم

بەحری 3گێم *گازی باکوور 0

پێشمەرگەی سلێمانی 3گێم * دەعارە 1گێم

هەولێر 3گێم *جەیش 0

پێویستە بگوترێ ئەمڕۆ سێشەممە هیچ یاریبیەک ئەنجام نادرێت و ئەم ڕۆژەیان وەک پشوو دیاری کرد بۆ سەرجەم یانەکان.

ڕوونکردنەوە
لە لاپەڕەی وەرزشی ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەکەمان لەبابەتی (مالئاوایی ئەستێرەیەکی وەرزشی) هەڵەیەکی چاپی بەرواری ڕۆژنامەی خەبات لەجیاتی ساڵی 1993، ساڵەکە بەهەڵە نووسراوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.28. Jan. 2020 No: (5920)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنی براوەکانی فیستیڤالی کورتەفیلمی بەرەو پێشەوە کرد

ئێوارەی دوێنێ دووشەمە 27/1/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنی براوەکانی فیستیڤالی کورتەفیلمی بەرەو پێشەوە کرد کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNPبە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان، کۆمەکی سەندووقی متمانەی هەرێمی، سەر بە یەکێتیی ئەورووپا بۆ بەدەمەوەهاتنی قەیرانەکانی سووریا، سەندووقی متمانەی مەدەدی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا ساز کرابوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کوردستان و نەمسا.. بەدەل ڕەقۆ سامانەکێ ڕەوشەنبیری یێ هەڤبڕشک

شیرزاد نایف

ئەڤە نەک پارچەکا شوونواریە وەکو یا کیلیا فیرعەونی کو دهۆکێ و میسرێ پێکڤە گریبدەت، یان ڕووبارەکێ ئاڤێ یە د ناڤ چەند وەلاتان را دەباز دبێت، یان کوترەکا زاجلە نامان ب پیێ وێ ڤە گریدەدن بۆ گەهاندنا پەیامان، ئەڤە سامانەکێ زیندی یە ئەز و تو هەر دەم ل سەر لاپەرێ خوە یێ فەیسبووکی دبینین، یان ڕەنگە ل نیڤا سویکا دهۆکێ د بەر مەرا دچیت و ئەم سلاڤ ناکەینێ و هیزا وی هەست پێ نەکەین، ئەم نزانین کو ئەم کوردان ژی بۆیێ دیرۆکێ پیەدڤی ب سندیبادەکی و کوڕێ بەتۆتەیەکی هەینە وەکو وی کو سویە نەڤێین من و تە و میراتین ڕەوشەنبیریا گەلەک وەلاتان د وانەیا خوە یا دیرۆکیدا بخوونن و شانازیێ پێ بەبەن. بلا بۆیەرا بێتشکچی و تورکی ل ببیرا مە بیت، گالیلۆیی و کنیشتێ و ڕۆژا گۆینێ!! کو پشتی سەد سەر چوویەنەکولاڤەکی ژنوو لێ بسەر حنیرێ هەلبوون؟! سەردەمێ مە وەسا خویا دکەت کو مە پیەدڤی ب دەزگەهان هەیە، بەلێ پتر کارێ وان گریدای کاروبارین بیروقراتی یە و ژبیرا مە چوویە کو ئەم پیەدڤینە ب پراکتیک و کار و کریار و ئەنجام و ب لەز ئەم ڕەوشەنبیریا خوە بگەهینینە ڤێ جیهانێ، بەدەل ڕەقۆی وەکو هێمایەکێ ڕەوشەنبیریا کوردی ئەڤ چەندە بۆ خوە کریە ئارمانج و هەمی ژیان و خیزان و ئەملاکێن خوە قوربانی کرینە بۆ ڤێ ئەمانەتا پیرۆز، هەر وەکو ئەو یێ دخوازیت کۆدەتایەکا ڕەوشەنبیری کوردی ل ڕۆژهەلاتێ ڕەنگڤەبدەت، ب گۆپالێ خوە و ب چانتکا لاپتۆپێ خوە و ب هەمی پەیڤین کوردی ل سەر گۆڕەپانا ڕەوشەنبیری ببارینیت، بەلێ کیژ مە دێ ژ خوە گریت بیتە سەربازێ وی بۆ سەرخستا ڤێ کۆدەتایێ؟ یا ژ من و تەڤە مە ب ریبا فەیسبووکی بۆ وی ل ڤێ دهۆکێ کۆنفرانسەکێ ڕیزلینان و خەلاتکرنێ بۆ دانا و خودەی نامەیین ماستەرێ ب دەستین قۆدیکین پیپسیان و پرتووک ل نیڤا هۆلێ بۆ دگیران، ئەو مە حەڤێ وی ل سەر خوە راکر، بەس ئەو هەمی نابیتە چپکەک و پاللدەرەک کو ئەم دەستێ خوە بیخینە د دەستێ وی دا و پەیامێ بگەهینیە ڤێ جیهانێ، یا ژ مە ڤە بۆ جارا نیکێ یە هۆلا ئاهەنگێ پڕ دبیت و پەرلەمانتار جوامیران دمینە ژ پیانڤە و جھ نەبوو ژ بەر وێ نیزدیحامێ، ئەو مە ئەرکێ وی راکر، پیەدڤیە وەکو وەلاتی وێ یێ دویێ نەمسایێ کو دریغی ل هەمبەر وی نەکریە، نەمازە ل

3/10/2013ل جەم پرتووکخانا نشتیمانی ل نەمسایێ (گراتس) بهیتە ریزلینان ب سەرپەرشتیا سەرانین ڕەوشەنبیریا نەمسا کو ڕەوشەنبیریا وان ژی ل گەل یا کوردستانێ دەربازی ئوقیانۆسان کری، ل دووڤ ئاخفتنا ئاین گیبۆرک (ماریا ئورتنا) کو ڕۆژەکا دیرۆکی د دیرۆکا نەمسا و کوردان دایە، چونکو بۆ جارا نیکێ یە ل جهەکێ هۆسا یێ بەرز نقیسەرەکێ کورد د قادا مرۆڤاتیێ دا بۆ تۆرەیێ جیهانێ سەر خوە راکر، بەس ئەو هەمی نابیتە چپکەک و پاللدەرەک کو خەلاتکرن، کو شیایە ڕوویێ وەلاتێ خوە یێ نیکێ کوردستانا و یێ دویێ نەمسایێ بۆ ڕۆژهەلاتێ بدەتە ناسین و ئەو ڕۆمانا ل سەر ژیانا وی هاتیە نقیسین، کو ژ کوردستانا مەزن دەستپیدکەت و هەتا کو دگەهیتە گوندێ شیخەسن و کولانین مووسل و ئەو ژیانا ژاری و ژیری یا د ناڤدا دەربازبووی کا چاوا بووییە نقیسەرەک و بەر ب بالیۆزیا وەلاتێ خوە چووی، کو جەماوەرەک ل بەندا قەهرەمانێ وەلاتێ خوە بووی. دەمێ بەدەل ل وێ ئاهەنگا نەمسا پەیڤا خوە گۆتی ب زمانێ ئەلمانی خواند کو پەیڤێ جهەکێ گرنگ و ڕۆلەکێ ئەکتیڤ د نیزیکبوون و پیکڤەژیانێ دا هەیە ل گەل شارستانیان، گەلەک جاران پەیڤ بوویە پەرک د ناڤبەرا ژانین مرۆڤاتیێ دا.. بەدەل سوپاسیا نقیسەرێ و دەزگەهێ ڤایس هاوبت و جیگرێ سەرۆکێ هەرێما شتایەمارک یێ پیشین د. کوری فلیکەر ک کر بۆ بەرهەڤبوون و پشتەڤانیا ڤێ ڕۆمانێ، هەر وەسا ژی بەدەل هۆزانەکا کوردی ب زارێ بادینانی بۆ جەماوەری خواند بۆ گوهداریکرنا مۆزیکا پەیڤینا کوردی، هەتا ڕۆژگار خۆشناو یێ بەرهەڤبوو، نە شیا ڕۆندکین خوە بگریت ژ بەر هەلویستێ وی، چونکو ب تنێ ئەو کوردبوو یێ بەرهەڤ بوو، سەرەڕای داخوازکرنا وان بۆ بالیۆزێ عیراقێ ل ڤییەنا کو کەسەکێ کورد یان نوونەرێ حکوومەتێ کو ب مخابنیڤە چو بەرسڤ نەدان، لێ سەرۆکاتیا وەلاتێ نەمسا بخوە پیرۆزباهیین خوە هنارتن. ل داوییێ ژی خەلکەکێ زۆر ل دۆر بەدەل خرڤەبوون و داخوازا ئیمزاییێ ژێ دکرن، ژبلی چەندین دەزگەهین میدیا جیهانی وەکو یین ئەمریکی و ئەورووپی بۆ ڕاگەهاندنا ڤێ خەلاتکرنێ.

بەلێ بۆ وژدان گەلەک نقیسەرین کورد ل سەر ڤەێ چەندێ گۆتار و تیکستین دریژین ڕۆژنامەنقیسی نقیسین وەکو جەلال زەنگابادی و (سەعید وەلات) و ڕۆژناما هەولیر و گەلەکین دی و د مالپەراندا وەشاندن. ڕەقۆ یێ ب تنێ یە و کارێ دەزگەهەکی دکەت، پاشی ل دووڤ شۆپا وی دا شاندین مە ژی دچنە وێ بزاڤێ - کازاخستان - وەکو ئموونە. ل داوییێ دبیژمە بەدەل یێ بەردەوام بە، هەکە ئەم نەبینە پشتەڤانین تە، ئەز ب ئەمانەت پەیڤینەکا خۆدێ لێ خۆشبیت فەلکەدین کاکەیی ل سالا 2006ل پیشانگەهەکا خاچا سۆر ل سەر میزا نانخوارنا نیڤرۆ دگەهینمەتە گۆتی: بەدەل ڕەقۆ زەرورەتەکا ڕەوشەنبیری کوردستانی یە دوبارە نابیت.. هەما بهایێ وێ بەسە و گەلەکە!!

ئاسەواری پۆڵۆنییەکان لە خانەقین

خەبات: سەربەست برزۆ

لە دوای ئەوەی کە جەنگی دووەمی جیهان دەستی پێکرد لە ساڵی 1939دوای ساڵێک شاری خانەقین کەوتە ژێر داگیرکاری سێ هێز ، هێزی سوپای بریتانیا و سەربازی مورتەزەقەێ هیندی لە سوپای بەریتانیا و سەربازی سوپای پۆڵۆنیا ، ئەم سەربازە پۆڵۆنییانە سەرتا کە هاتنە خانەقین لە گەراجی کرندی لەناوجەرگەی شار نیشتەجێ بوون و دواتر چونە چەند شوێنێک سەربازکەیان دانا ، لەوانە لە نزیک بەندەاوی ئەڵوەن کە لەدوای خۆیان گۆڕستانێکیان بەجێ هێشت کە سەربازەکانیان ئەوانەی لەو ماوەیەی کە لە خانەقین بوون کۆچی دوایی کردبوو تیایدا نێژراون و ، هەروەها لەسەر گردی کەلاتیش سەربازگەیان دامەزراندوە ، ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە کە سەربازێک و یان چەند سەربازێکی پۆڵۆنی پەیکەرتاش بوونە ، ئەو دالدەی کە لەناو ئالای وڵاتەکەیاندا هەیە لەگەڵ چەندێرێک بەزمانی خۆیانی هەڵگۆڵیووە لەسەر گردی کەلات ، کاتێک مرۆڤ لێی نزیک دەبێتەوە وا هەست دەکات کەوا دالێکە و لەسەر ئەو گردە وشک کراوەتەوە ، هیچ شتێک لەبارەیەوە نازانرێ کە چۆن چۆنی کراوە و بەماوەی چەند ڕۆژ. لە ئێستادا ئەو شوێنە ماوە بەڵام چەند نەفس نزمێک دەستارییان کردووە و شێواندویانە. هیواخوازین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو شوێنە بکاتە جێگایەکی گەشتیاری بۆ ئەوەی بەگەشتیاری و نەوەی خانەقین بگەیەنین ئەمەش سەردەمێکە لە سەردەمەکانی داگیرکاری بۆ سەر خاکی کوردستان.

